## ئەحمەد تەها

# سەلەفیەت

## خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی



بەکوردی کردنی
زێبار عزیزخان مهاجر

# سەلەفیەت

## خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی




## پێناسی کتێب


ناوی کتێب: سەلەفیەت خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی
نووسەر: ئەحمەد تەها
بەکوردی کردنی: زێبار عزیزخان مهاجر
چاپ: یەکەم - 2018
بڵاوکار: نووسینگەی کاروان
دیزاین:بەرەکات قورتاس
تیراژ: (1000) دانە
نرخ: (1500) دینار

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٩٢) ساڵی (٢٠١٨) ی دراوەتێ



هەموو مافێکی ئەم کتێبە بۆ بڵاوکار پارێزراوە



کاروان
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن
لە ساڵی ٢٠١٨ دامەزراوە
ناونیشان: سۆران - هەولێر
بۆ پەیوەندی کردن: ٠٧٨٢ ٤٦١ ٦٣ ٦١ - ٠٧٥٠ ٢٢٨ ٢٩ ٩٥
E-mail Karwancenter18@gmail.com

# سەلەفیەت

## خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی

**ئەحمەد تەها**

زیبار عزیزخان مهاجر

کردویەتی بە کوردی

ئاینی

چاپی یەکەم - ٢٠١٨ -

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# پێشەکی وەرگێڕ

مرۆڤ کە دروست کراوە، هاودەم لەگەڵیدا هێزی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی پێدراوە، بۆیە سەرباری ئەوەی خاوەنی عەقڵ و ژیرییە، بۆ ئەوەی کاروباری کاروانی ژیانی خۆی بەڕێ بکات، ئەوا خوای مەزن بە بەردەوامی و بەگوێرەی قوناغ و ڕۆژگارەکان پەیامی بۆ ناردووە، دوایین پەیامیش ئاینی ئیسلامە، کە کۆکەرەوەی گشت پەیامە ئاسمانیەکان و بەرنامەی هەتا هەتاییە بۆ گشت سەردەم و قۆناغ و ڕۆژەکان.

موسڵمانان تێگەیشتنی جیاوازیان هەبووە و هەیە بۆ دەقەکانی ئیسلام، چۆنیەتی جێبەجێ کردنی، بەم هۆیە چەندین ڕێباز و مەزهەبە دروست بوون، لە ناویاندا ڕەوتی سەلەفییەتە، کە خاوەن تێگەیشتنێکی کۆنگەرا و چەقبەستووە بۆ دەقەکانی ئاینی ئیسلام.

ئەم کتێبەی بەردەستمان کە لە زمانی عەرەبیەوە وەرمگێڕاوە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی، پێم وایە زۆر بە چاکی باسی پێناسە و جۆر و ئامانج و مەبەست و کۆششەکانی سەلەفیەتی کردووە.

هیوای تەمەن درێژی و سەرکەوتن بۆ نووسەری بەڕێز دەخوازم، هیوادارم بەندە لەم کارەیدا توانیبێتی ڕەزامەندی خوا دەستبخات.

لە کۆتاییدا دەمەوێ سوپاسی ڕێزدار: "سەرهنگ عبدالواحید" بکەم کە ئەرکی پێداچوونەوە و هەڵەچنینی ئەم بەرهەمەی گرتەئەستۆ[١].

سەرکەوتن تەنها لە خواوەیە، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك.

زیبار عەزیزخان مهاجیر

---

(١) بۆ ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سوودم بینیوە لە: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمد أمین. (وەرگێڕ).

## یاسایەکی بنەڕەتی لە ڕەخنەگرتندا

مەبەست لەم ڕەخنەگرتنە هزرەکەیەتی، جگە لە هزر شتێکی تر نییە، مەبەستم لەم ڕەخنەگرتنە خودی کەسانێك یان دەستە و تاقمانێك نییە، قسە لەسەر خود و ڕەوشت و خواپەرستیەکەیان ناکەم، لەوانەیە ڕەوشت و خواپەرستی و قوربانی و خۆشەویستیان زیاتر بێ بۆ ئایین، هەرگیز بەرەنگاری ئەمە نابمەوە.

بەڵکو ڕووبەڕووی پەیڕەوی هزری دەبمەوە، بۆ ئەوەی هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدەم، نەوەك ناوی بزڕێنم، یەکێتی بێنمە کایە نەوەك پەرتەوازەیی، ئەوەی جێگای بایەخە هزر و پەیڕەوە، نەوەك دروشم و ناوەکان.

بێگومان ڕەخنەگرتن لە "بزاڤی ئیسلامی" یان لەو موسڵمانەی کار بۆ ئاینەکەی دەکات زۆر پێویستە، ئەمە لە شانۆی ئیسلامیدا بەگشتی

ونە... بەداخەوە لە خەیاڵی زۆر کەسدا هێشتا ئەوە هەیە، کە ڕەخنەگرتن واتە تێکدان و ڕووخاندن، ڕەخنەگر دەبێ قین لە دڵ و دژی یەکێك بێت! ئەمەش بەهۆی سروشتی پەروەردە و ڕێگەکانی فێرکردنەوە دروست بووە! کە پاکی و پیرۆزی بە بەر کەسدا دەکات و نزمی و پەستی بە بەر کەسێکی تردا دەکات، بەبێ تەرازووێکی ورد.. حەق و ڕاستی بۆ کوێ بخولێتەوە، ئەویش لەگەڵیدا بخولیتەوە.

ئێمە دەبێ پیادەی دۆخێك لە ڕەخنەگرتنی بەردەوام بکەین... بەڵکو بگەڕێین بەدوای ئەوەی ڕزگارمان دەکات، و کارەکانمان ڕادەپەڕێنێ، چۆن لە دەرەوە دەمانبینێ، مادەم ئێمە بە بەردەوامی باشترمان دەوێ، هەوڵ بۆ جێگیری و چەسپاوی بەردەوام دەدەین.

ڕەخنەگرتن لە هزر، مانای بڕیاردان نایەت لەسەر ناو و کەسەکان. بەڵکو لە چوارچێوەی هزردا دەمێنێتەوە، تەنانەت لە چوارچێوەی هەر هزرێکدا بە تەنها دەمێنێتەوە.

گەورە کۆمپانیا و دەستەکان لە جیهاندا، بەدوای چەند نووسینگەیەك دەگەڕێن، لە دەرەوەی خۆیان بۆ ئەوەی ژمێرکاریەکان و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەن، جۆری کارگێڕیەکەیان بۆ دیاری بکەن و دووبارە پەیکەرەکەی دابڕێژنەوە... مەشقی بەردەوام لەسەر هەر شتێك، کە توانا و بەرهەمهێنان زیاد دەکات، ئایا "بزاڤی موسڵمانان" لە کاتێکدا هەوڵ دەدەن سەر لەنوێ ئاینەکەیان زیندوو بکەنەوە پێویستیان بەمە نییە؟! بەتایبەت لەگەڵ ئەو شکستە زۆرانەی ڕوودەدەن، لەگەڵیدا کارەساتی مەزن دێنە کایە.

ئەم هەوڵەی من، تەنها هەوڵی موسڵمانێکە، کە ئایینەکەی و موسڵمانانی خۆشدەوێ... هەموو موسڵمانانی خۆشدەوێ. ڕەخنەیان ئاڕاستە دەکات، بەوپەڕی خۆشەویستی و سوربوون و دڵسۆزی و پشتگیری کردن (لەسەر حەق) بەبێ دەمارگیری و ڕق و قینە. تەنها مەبەستم لێی ڕەزامەندی خوا، سەرخستنی ئاینەکەی، و بەرزکردنەوەی پایەی موسڵمانانە.

خوایەگیان" بەرچاوڕۆشنی و ڕاست پێکان و ڕاستیم پێببەخشە، خۆم پەنا دەدەم بە تۆ لە دووڕوویی و پەرتەوازەیی و ناوبانگ و ڕیاکاری.

## مانای چەمکەکە

"السلف": واتە نەوەی پێشوو یان ڕابردوو. زانا و شەرعناسانی ماوەی "پاشای گازگر[2]"، ئەم زاراوەیان بەکارهێناوە، بۆ ئاماژەکردن بە پێشینانیان، ئەوانیش "هاوەڵان" و نەوەی خەلافەتی ڕاستن، پێشینانی ئوممەت لە حوکمڕانی و بیروباوەڕ و سیاسەتدا، بەبێ گومان نموونە و ڕابەر و پێشەنگ بوون، لە دوای پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت).

---

(٢) مەبەست لەم دەستەواژەیە کە لە بەشێك لە فەرموودە پیرۆزەکاندا بەکارهاتووە، وازنەهێنانی پاشایە لە تەختی دەسەڵات و خۆهەڵواسینیەتی پێیەوە. (وەرگێڕ).

## مێژووەکەی

"بڕوا وایە سەلەفییەت، تەنها درێژبووەوەی قوتابخانەی فەرموودەناسانە و پەیڕەوانی شوێنەوار (أهل الأثر)ـە، ئەوانەی لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا دەرکەوتن، لە بەرامبەر موعتەزیلەکان لە سەردەمی عەبباسیدا، لە ژێر سەرکردایەتی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلدا، ناوبراو یەکێکە لە چوار پێشەواکەی ئەهلی سوننە، موعتەزیلەکان ڕێبازی عەقڵیان دەگرتەبەر، لە خوێندنەوەی دەقەکان و لێکدانەوەیان، ڕەگ و ڕیشەی لۆژیکی خۆیان لە شارستانیەتی یۆنانی لە ڕێگەی وەرگێڕان و هەڵسوکەوت کردنی ڕاستەوخۆ وەرگرتبوو، فەرموودەناسان وایان دەبینی ئەم ڕێبازە عەقڵیانە، مەترسییەکن هەڕەشە لە پاك و بێگەردی ئیسلام و پاکژیەکەی دەکەن، دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوە و ڕووخانی ئوممەت.

دواتر سەلەفییەت پاشەکشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، لە ڕووی جەماوەری و سیاسیەوە، ئەمەش لە دوای دابەشبوونی شەرعناسانی موسڵمانان و فەرموودەناسان بۆ حەنبەلی و ئەشعەرییەکان، تا لایەنی ئەشعەرییەکان بەهێز بوو، هەندێك لە میرەکان ڕێبازی ئەشعەریان بە بنەما کرد، تا ئەو کاتەی "ئیبن تەیمییە" لە سەدەی حەوتەم دەرکەوت، هاوکات لەگەڵ کەوتنی بەغدادی پایتەختی دەوڵەتی عەبباسی لەسەر دەستی تەتەرەکان، لە ساڵی ٦٥٦ك، ئیبن تەیمییە کاری کرد، لەسەر زیندوو کردنەوەی هزری سەلەف، کۆمەڵێك هێرش و هەڵمەتی دەستپێکرد، دژی ئەوانەی بە بیدعەچی دادەنان، بانگەوازیشی کرد بۆ زیندووکردنەوەی بیروباوەڕ و پەیڕەو و ڕێبازی پێشینان، لە پێناو هێنانە کایەی ڕابوون.

ئینجا جارێکی دیکە سەلەفییەت پاشەکشەیەکی مەزنی بەخۆیەوە بینی. بۆ ئەوەی جارێکی تر دەربکەوێتەوە لە سەدەی هەژدەمی زایینی، کە خۆی بینیوە لە بانگەوازەکەی محەمەدی کوڕی

عەبدلوەهاب، لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا، کە هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی ڕووخان و ئاوابوونی خۆری دەوڵەتی عوسمانی و هەڵکشانی داگیرکاری خۆرئاوایی".

## پرسە سەرەکییەکان

## ناو و سیفەت و تاقم و پێڕە بیدعەچییەکان

گرنگترین پرس لەو سەردەمدا، بریتی بوو لە پرسی ناوو سیفەتەکان (الأسماء والصفات)، شڵەژان و ئاڵۆزیەکی زۆر و مەزن لە بارەیەوە دروست بوو، بەهۆی تێکەڵبوونی بیروباوەڕی پاکی ئیسلامی، بە فەلسەفەی یۆنانی، ئەو کات زانایانی سوننە، پەنایان بۆ پێشینانی ئومەت برد لە هاوەڵان، سەبارەت بە تێگەیشتن لە پرسی ناوو سیفەتەکان (الأسماء والصفات).

هەروەك بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی ڕێبازەكانی تاقمە بیدعەچییەكان بوونەوە، وەك: شیعە و ڕافیزە و خەواریج و قەدەرییەكان... تاد.

## حەڕامبوونی دەرچوون لە دژی حوكمڕان

لە ماوەی "پاشای گازگردا" ئەو وتەیە بڵاوبووەوە، كە دەڵێت: دەرچوون لە دژی حوكمڕان حەڕامە، لە دیارترین ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان وتووە: مەزهەبی حەنبەلی بووە، بەڵام مەزهەبەكانی تر بۆچوونیان پێچەوانە بوو، تەنانەت پەیڕەوی هاوەڵانیش پێچەوانەی بوو. هەر چییەك بێ.... ئەوا ئەمە تایبەت بووە بە ماوەی "پاشای گازگر" و بارودۆخی هەر دۆخێكەوە، بەپێی دۆخی واقیعە، بریتی نییە لە "حوكمێكی گشتی لەسەر هەر حوكمڕانێك"، پرسێك نییە یەكدەنگی

لەسەر بێ، بابەتێکی بیروباوەڕیش نییە، ئەوەی پێچەوانەی بجوڵێتەوە دەستبەجێ نابێتە خەواریج!!

لێرەدا یاری کردن بە دەستەواژەی "سەلەفییەت" دەردەکەوێ، یەکێك دەڵێت: ئەوەی پەیڕەو و ڕێبازی پێشینانی لەسەرە، دەرنەچوونە لە دژی حوکمڕان. ڕێبازی پێشینان — لە تێڕوانینی ئەودا —مەزهەبە فیقهیەکەی یان شێخەکەیەتی. بەهۆی ئەم دەمارگیریە و تاقمگەراییە پەرتەوازەیی لە ناو ئوممەتدا ڕوویدا! بەڵکو هەر بەمە "خۆسەپاندنی سیاسی" ڕەوایی پێدرا، کە ئوممەتی پەڕاوێزخست، ژیاریەکەی بەرەو لاوازی برد، و بەهۆیەوە چەندین ئێش و ئازاری چەشت!

لێرەدا هەندێك لە وتەی هاوەڵان و بەشێك لە پێشەوایانی زانایانی سوننە دەخەمەڕوو، لەبارەی ئەم پرسە بۆ فراوانکردنی دیدگا و پەیی پێبردن، بۆ ئەوەی ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە ئەو وێنە تاقانەیەی تاقمێك

به بنەمای دەکات، دەمارگیری تێدایە، ئەوا بێگومان تێکەڵاوبووە بە هەوەس و دەمارگیری و تاقمگەرایی:

١- عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) وتاریدا و وتی: "من کاربەدەستەکانم نەناردوون، تا لە خەڵکەکەتان بدەن، سامان و ماڵتان ببەن، ئەوەی وای لە بەرامبەر کرابێ، ئەوا با سکاڵا بۆ لای من بەرز بکاتەوە، تا تۆڵەی بۆ بسێنمەوە". عەمری کوڕی عاس وتی: "ئایا ئەگەر پیاو هەندێك لە هاوڵاتیانی تەمبێ بکات، تۆڵەی لێدەکەیەوە". عومەر وتی: "بەڵێ، سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە، تۆڵەی لێدەستێنمەوە، ئایا تۆڵەی لێ نەستێنمەوە لە کاتێکدا بینیومە پێغەمبەری خوا تۆڵەی لە خۆیشی دەسەندەوە" (ئەبو داود گێڕاویەتیەوە لە سونەندا، بە ژمارە ٤٥٣٧).

یەکێك لە موسڵمانان بە عومەری وت: "عەبدوڵای کوڕت بکە جێنشینی خۆت"، عومەر فەرمووی: "خوا بتکوژێ، سوێند بە

خوا، لەمە مەبەستت خوا نەبوو، بزانە ئێمە هیچ مەبەستێکمان لە کاروبارتاندا نییە، بۆ خۆم پێم خۆش نەبووە، تا بۆ یەکێك لە خانەوادەکەم حەزی پێ بکەم، ئەگەر خێربێ ئەوا بەشمان بەرکەوتووە، ئەگەر خراپ و شەڕیش بێ، ئەوا بۆ خانەوادەی عومەر بەسە یەك پیاویان لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێ و لێپێچینەوەی لەگەڵ ئەنجام بدرێ، لەبارەی کاروباری ئوممەتی محەمەد. خۆم ماندوو کردووە و خانەوادەکەم بێ بەش کردووە، ئەگەر ڕزگارم بێ، بێ ئەوەی هیچ تاوانێکم لەسەر بێ و هیچ بەرژەوەندیەکم فەراهەم ببێ، ئەوا من بەختەوەرم"، ئەم کردەوەیە یەکێکە لە وانەکانی ئەم فەرموودەیەیە: لە یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیانەوە هاتووە وتویەتی: کاتێك ئەبو بەکر منی بۆ شام نارد وتی: ئەی یەزید، تۆ خزمایەتیت هەیە، لەوانەیە هەندێکیان بەو هۆیەوە بکەیتە کاربەدەست، ئەمەش گەورەترین شتە کە مەترسیم

لێی هەیە، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: "هەر کەسێك کاری موسڵمانان بگرێتەدەست، ئەویش بەهۆی خزمایەتی و خۆشویستنەوە یەکێك بکاتە کاربەدەست بەسەریاندا، ئەوا نەفرینی خوای لێبێ، خوای گەورە هیچ واجب و سوننەتێکی لێ وەرناگرێ، تا دەیخاتە دۆزەخەوە، هەر کەسێك پەرێزی خوا بداتە دەست کەسێك، پێشێلکاریەك لە ناو پەرێزی خوادا بکات بە ناحەق، ئەوا نەفرینی خوای لێبێ، یان فەرمووی: خوای پایەدار و خاوەن شکۆ لێی بەرییە". (موسنەدی پێشەوا ئەحمەد/ ٢١).

عومەر بە کوڕی قیبتیەکەی فەرموو: ((ئەگەر لە عەمری کوڕی عاس بدەیت، ڕێگریت لێ ناکەم، چونکە کوڕەکە بەهۆی دەسەڵاتی باوکیەوە لێتی داوە)).

بۆ سەرکردەی لەشکرەکانی نووسی: "ئاگاداربن لە خۆشگوزەرانی فارسی، چ لە خواردن یان لە پۆشاکدابێ،

پابەند بن بە داب و نەریتی سادەی وڵاتەکەتان، خوای گەورە سەرتان دەخات بەسەریاندا و سەرکەوتنتان پێ دەبەخشێت".

٢- ئیبن جەریری تەبەڕی لە مێژووەکەیدا، لە فەرموودەی موسای کوڕی عەقەبەوە هێناویەتی، کە عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) وتویەتی: "خەڵك دەستەوەسان نابێ، لەوەی کەسێك بکەنە کاربەدەست، ئەگەر ئەو کەسە ڕاست ڕۆیشت، ئەوا شوێنی بکەون، ئەگەر لە ڕێی ڕاست لایدا ئەوا بیکوژن" تەڵحە وتی: "بۆچی ناڵێی ئەگەر لایدا لە کار دووری دەخەنەوە"، عومەر وتی: "نا، کوشتن باشتر و چاوترسێنەرترە بۆ ئەوەی دوای ئەو" (مێژووی تەبەڕی ٢/ ٥٧٢، چ: دار الكتب العلمية - بيروت).

٣- موسلیم لە سەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە (کاتێك کێشە لە نێوان عەبدوڵای کوڕی عەمر و عەنبەسەی کوڕی ئەبو سوفیان

هەبوو، بەڕێکەوتن بۆ شەڕ "لەبەر ئەوەی عەنبەسەی کوڕی ئەبو سوفیان – کاربەدەستی معاویەی براکەی بوو لە تایف – عەنبەسە ویستی پارچە زەویەکی عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاس داگیر بکات، بەو پارچە زەویە دەوترا (وەهت)، عەبدولا کوڕ و کۆیلەکانی کۆکردەوە و شمشێرەکەی هەڵکێشا" خالیدی کوڕی عاس بە سواری ڕۆیشت بۆ لای عەبدوڵای کوڕی عەمر، خالید ئامۆژگاری کرد، عەبدوڵای کوڕی عەمر وتی: ئایا نەتزانیوە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: (هەر کەسێك لە پێناو ماڵ و سامانەکەی بکوژرێ ئەوا شەهیدە) (سەحیحی موسلیم، بە ژمارە ١٤١، ب ١/ لا ١٢٤).

٤- ئیبن عەبدلبەری ئەندەلوسی مالیکی وتویەتی: سەبارەت بەم فەرمایشتە: ((ململانێ لەگەڵ کاربەدەستانێك نەکەین کە شایستەن))، هەندێك وتویانە: کەسانی شایستە دادگەرەکانن،

نابێ ململانێیان لەگەڵ بکرێ، چونکە شایستەی کاربەدەستایەتین، سەبارەت ستەمکار و زۆرداران، ئەوا کەسانی شایستەی کاربەدەستایەتی نین، بەڵگەشیان بەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز هێناوەتەوە: ﴿لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ﴾ البقرة: ١٢٤. واتە: (پەیام و پەیمانی من بۆ ستەمکاران نابێت). ئەمە بۆچوونی بەشێك لە پێشینە چاکەکانە، کۆمەڵێك لە پاشینان شوێنیان کەوتوون، لە پایەدار و زانایانی خەڵکی مەدینە و عێراق، بەمەش ئین زوبێر و حوسەینی کوڕی عەلی دژی یەزید دەرچوون، پیاوچاك و زانایانی عێراق دەرچوون دژی حەجاج، خەڵکی مەدینە لە ڕووداوی حیرە دژی بەنی ئوممەیە دەرچوون... " (الاستذكار ٥/ ١٦، التمهيد ٢٣/ ٢٧٨).

٥- قورتوبی مالیکی لە ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوا: ﴿قال لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ﴾ البقرة: ١٢٤. واتە: (خوا فەرمووی:

پەیام و پەیمانی من بۆ ستەمکاران نابێت). وتویەتی: "کۆمەڵێك لە زانایان بەڵگەیان بەم ئایەتە هێناوەتەوە، لەسەر ئەوەی پێشەوا لە خەڵکی دادگەر و چاکەکار و پایەدار دەبێ، لەگەڵ هەبوونی هێز بۆ پێهەڵسانی، ئەمە ئەو شتەیە کە پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمانی کردووە، ناکۆکی و ململانێ نەکەین لەگەڵ ئەوانەی شایستەی کاربەدەستایەتین، هەروەك پێشتر قسەمان لەسەر کرد، سەبارەت بە خەڵکی خراپەکار و تاوانکار و ستەمکار، ئەوا شایستە نین، بەهۆی ئەوەی خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ﴾ البقرة: ١٢٤. هەر بۆیە ئیبن زوبێر و حوسێنی کوڕی عەلی (خوا لێیان ڕازی بێ) دەرچوون دژی یەزید و پیاوچاك و زانایانی عێڕاق لە دژی حەجاج و خەڵکی مەدینە لە دژی بەنی ئومەییە دەرچوون و لە دژیان ڕاپەڕین، بەمەش ڕووداوی حەرە ڕوویدا، کە موسلیمی کوڕی عەقەبە

ئەوانی خستە نێودا، ئەوەی زۆربەی زانایان لەسەرینە ئەوەیە ئارامگرتن لەسەر گوێڕایەڵی کردنی پێشەوایەکی ستەمکار لەپێشترە لە دەرچوون لە دژی..." (تفسير القرطبي ب۲/ لا ۱۰۸ – ۱۰۹، ط دار الشعب – القاهرة).

٦- محییەدینی نەوەوی شافیعی وتویەتی: "قازی عیاز وتویەتی: زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی پێشەوایەتی بۆ کەسی بێ باوەڕ دانامەزرێ، ئەگەر بێ باوەڕی هەڵبژارد ئەوا لەسەر کار لادەبرێت، وتویەتی: بەهەمان شێوە ئەگەر بەرپاکردنی نوێژ و بانگەواز بۆ کردنیشی فەرامۆش کرد، ئەوا لەسەر کار دوور دەخرێتەوە... وتویەتی: لەلای زۆربەی زانایان بە بیدعەش بەهەمان شێوە دووردەخرێتەوە لە کارەکەی... وتویەتی: هەندێك لە بەسرییەکان وتویانە: پێشەوایەتیەکی بۆ دادەمەزرێ هەر چەندە بیدعەش بکات، چونکە تەئویلکارە. قازی وتویەتی: ئەگەر بێ باوەڕی و کوفرێکی کرد، یان

گۆڕانكاریەكی لە شەڕعدا كرد یاخود بیدعەیەكی ئەنجامدا، لە حوكمی پێشەوایەتی دەرچووە، گوێڕایەڵی كردنی نامێنێ، لەسەر موسڵمانان پێویستە لە دژی ڕاپەڕن و لەكار دووری بخەنەوە، پێشەوایەكی دادگەر دابنێن ئەگەر گونجا بۆیان و لەتواناییاندا بوو، ئەگەر ئەمە تەنها لە توانای بەشێك لە خەڵكدا بوو، ئەوا پێویستە هەڵبستن بە دوورخستنەوەی كاربەدەستە بێ باوەڕەكە..." (شرح مسلم للنووي ١٢/ ٢٢٩، ط ٢ دار إحياء الترث العربي – بيروت – ١٣٩٢ك).

٧- شێخ عەبدوڵای كوڕی محەممەدی كوڕی عەبدولوەهابی نەجدی حەنبەلی وتویەتی: "ئەهلی سوننە و جەماعەت و ئالوبەیتیش لەم پرسەدا ڕاجیان، كۆمەڵێك لە ئەهلی سوننە (خوا لێیان ڕازی بێ) لە هاوەڵان و دوای ئەوانیش وەك سەعدی كوڕی ئەبو وەقاس و ئوسامەی كوڕی زەید و محەممەدی كوڕی مەسلەمە و عەبدوڵای كوڕی عومەر (خوا

لێیان ڕازی بێ) جگه لەوانیش، ئەمە یەکێك لە بۆچوونەکانی ئەحمەد و بۆچوونی کۆمەڵێك لە فەرموودەناسانیشە، کە فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە بە زمان دەبێ، ئەگەر توانای هەبێ، ئەگەرنا تەنها بە دڵ پێی ناخۆش دەبێ، ناکرێ ئەم ئەرکە ئەنجام بدرێ بە دەست و هەڵکێشانی شمشێر و دەرچوون لە دژی پێشەوایان، ئەگەرچی ستەمکاریش بن.

کۆمەڵێك لە هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ) لە دوای ئەوانیش هەندێك لە شوێنکەوتووان، ئینجا لە پێشەوایان، بۆچوونیان وایە شمشێر هەڵکێشان لە فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە پێویست و واجبە، ئەگەر بەبێ ئەمە نەیتوانی خراپەکە لاببات، ئەمە وتەی عەلی کوڕی ئەبو تالیب و ئەو هاوەڵانەشە کە لەگەڵیدانە لە هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ) وەك عەمماری کوڕی یاسر و ئیبن عەبباس و ئەبو سەعیدی

خودری و جگە لەوانیش، هەروەها وتەی دایکی باوەڕدارانە و هی ئەوانەشە کە لە هاوەڵان لەگەڵیدابوون، وەك عەمری کوڕی عاس و نوعمانی کوڕی بەشیر و ئەبو عادیەی سەلمی و جگە لەویش وتەی عەبدوڵای کوڕی زوبێر و حوسێنی کوڕی عەلییە، بۆچوونی هەموو ئەوانەیە کە ڕاپەڕین دژی حەجاجی تاوانکار وەك: عەبدلڕەحمانی کوڕی ئەبو لەیلا و سەعیدی کوڕی جوبەیر و ئەبی بوختری تائی و عەتائی سەلەمی و حەسەنی بەسری و شەعبی و لە دوای ئەوانیش وەك دونیانەویستی پایەدار عەبدوڵای کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەمر و عوبەیدوڵای کوڕی حەفسی کوڕی عاسم و گشت ئەوانەی دەرچوون لەگەڵ محەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حوسێنی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و لەگەڵ براکەشی ئیبڕاهیمی کوڕی عەبدوڵای و

هسیمی کوڕی بەشیر و وەڕاق و جگەلەوانیش" (جواب أهل السنة: ٧٠ – ٧١).

٨– ئیبن حەزمی ئەندەلوسی زاهیری وتویەتی: "چەند کۆمەڵەیەك لە ئەهلی سوننە و گشت موعتەزیلە و خەواریج و زەیدیەکان بۆچوونیان وایە، شمشێر هەڵکێشان لە فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپەدا واجبە، ئەگەر لادانی خراپەکە بەبێ ئەمە نەکرا، وتویانە: ئەگەر پەیڕەوانی حەق و ڕاستی لە ناو دەستەیەکدا بوون، بتوانن خراپەکە لابدەن و بێ هیوا نەبن لە سەرکەوتن، ئەوا پێویستە لەسەریان ئەمە بکەن، ئەگەر ژمارەیەك بوون، بەهۆی کوژران و لاوازیان لە سەرکەوتندا، ڕێگە پێدراون گۆڕانکاری بە دەست فەرامۆش بکەن.

ئەمە وتەی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبە (خوا لێی ڕازی بێ) و هەموو ئەوانەی لەگەڵیدابوون لە هاوەڵان، وتەی دایکی

باوەڕداران عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) و تەڵحە و زوبێر و هەموو ئەوانەشە کە لەگەڵیدابوون لە هاوەڵان، هەروەها بۆچوونی معاویە و عەمر و نوعمانی کوڕی بەشیر و جگە لەوانیشە لەوانەی لەگەڵیاندان لە هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ)، وتەی عەبدوڵای کوڕی زوبێر و محەممەد و حەسەنی کوڕی عەلی و گشت هاوەڵانی تره لە کۆچبەران و پشتیوانان و ئەوانەی لە ڕۆژی حەرەدا ڕاپەڕین (خوا لە هەموویان ڕازی بێ)، بۆچوونی ئەوانەشە کە ڕاپەڕین دژی حەجاجی تاوانکار و ئەوانەش کە پشتیوانیان کرد لە هاوەڵان وەك: ئەنەسی کوڕی مالیك و هەموو ئەوانەش ناومان هێنان لە پایەداره شوێنکەوتووەکان، وەك عەبدلڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلا و سەعیدی کوڕی جوبەیر و ئیبن بوحتری تائی و عەتائی سەلەمی ئەزدی و حەسەنی بەسڕی و مالیکی کوڕی دینار و موسلیمی کوڕی بەشار و ئەبی حوراء و شەعبی و عەبدوڵای

کوڕی غالب و عەقەبەی کوڕی عەبدلغافر و عەقەبەی کوڕی سەهبان و ماهان و مەترەفی کوڕی موغەیرەی کوڕی شوعبە و ئەبی مەعد و حەنزەڵەی کوڕی عەبدوڵا و ئەبی سەحی هنائی و تەڵقی کوڕی حەبیب و مەترەڤی کوڕی عەبدوڵای کوڕی شەخیر و نەسری کوڕی ئەنەس و عەتائی کوڕی سائب و ئیبڕاهیمی کوڕی یەزیدی تەیمی و ئەبی حوساء و جبلەی کوڕی زەخر و جگەلەوانیش، دواتر لە دوای ئەوانە لە شوێنکەوتووی شوێنکەوتووان وەك: عەبدوڵای کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵای کوڕی عومەر و محەممەدی کوڕی عجلان و ئەوانەی دەرچوون لەگەڵ محەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەن و هاشمی کوڕی بشر و مەتر و ئەوانەی دەرچوون لەگەڵ ئیبڕاهیمی کوڕی عەبدوڵا، وتەی شەڕعناسانیش ئاماژە هەر بەمە دەکات، وەك: ئەبو حەنیفە و حەسەنی کوڕی حەیی و شەریك

و مالیك و شافیعی و داود و هاوەڵانیان، هەموو ئەوانەی باسمان کردن لە کۆن و نوێدا، یان ئەوەتا لە فەتواکەیدا دەریبڕیوە، یاخود بە شمشێر هەڵکێشانی ئەنجامی داوە لە ڕێگری کردن لە خراپەیەك کە بینیویەتی" (الفصل في الملل والنحل ٤/ ١٣٢).

پاشان وتویەتی: "باوکی محەممەد وتی: ئەگەر کەمێك ستەم ڕوویدا لەلایەن حوکمڕانەوە، هەر چەندە کەمیش بێ، ئەوا پێویستە لەم بارەوە قسە بکرێ لەگەڵ پێشەوا و حوکمڕان، ئەگەر خۆی لەمە گرتەوە و وازی لە ستەمەکە هێنا و گەڕایەوە سەر حەق و ڕاستی، ملکەچی ئەوە لەلایەن خەڵکەوە ڕێگەی ڕاستی پێ نیشان بدرێ یان لەلایەن ئەندامانەوە، هەروەها سزای زینا و بەرد بارانکردن و مەییخواردنەوەی جێبەجێ کرد، ئەوا هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ داماڵینی، چونکە ئەو پێشەوایە... ئەگەر بە جێبەجێ کردنی

یەکێك لەم ئەرکانە هەڵنەستا، نەگەڕایەوە سەر حەق و ڕاستی، پێویستە لە کار دووربخرێتەوە و یەکێکی تر دابنرێ، کە ڕاستی و ئەرکەکان بەرپا بکات، چونکە خوای مەزن فەرموویەتی:﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ المائدة: ٢. واتە: (یارمەتی و کۆمەکیی یەکتر بکەن لەسەر چاکە و خواناسی، نەکەن یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر گوناه و دەستدرێژی). دروست نییە هیچ یەکێك لە ئەرکەکانی شەریعەت بەزایە بدرێ، سەرکەوتنیش تەنها لە خواوەیە" (الفصل في الملل والنحل، ٤/ ١٣٤ – ١٣٥).

٩– ئیبن وەزیری یەمانی یەکێك لە گەورە کۆششکارەکانی مەزهەبی زەیدی دەڵێت: ئەم فەرمایشتەی: "ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ کاربەدەستان نەکەین" بۆ حوکمڕانە دادوەرەکانە. عیاز دەڵێت: بەڵگەی زۆربەی زانایان، ئەوەیە

ڕاپەڕینیان دژی حەجاج تەنها بەهۆی لاساریەوە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە شەرعی گۆڕیوە، کوفر و بێ باوەڕی دەربڕیوە. قسەکەی تەواو بوو. لەمەدا ڕێکەوتنیان ڕوون کراوەتەوە لەسەر بە چاك دانانی ئەوەی حوسێن (سڵاوی خوای لێبێ) و هاوەڵانی و ئیبن ئەشعەس و هاوەڵانی کردوویانە، زۆربەی زانایان ڕەوایی دەرچوونیان کورت کردۆتەوە لەسەر کەسێك، کە هەمان سیفەتی ئەوانی هەبێ، هەشیانە دەرچوونی بە ڕەوا داناوە لە دژی هەر ستەمکارێك، ئەم فەرموودەشیان تەئویل کردووە "ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ کاربەدەستان نەکەین" بە پێشەوا دادوەرەکان. ئەوەشی تیادا هاتووە کە ئەوان بەڵگەیان لەسەر ڕەوایی ناڕەزایەتی هێناوەتەوە بە کردەوەی حوسێن (سڵاوی خوای لێبێ)، بەڵام هەشیانە بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر دروستی دەرچوون لە دژی ستەمکارەکان بە ڕەهایی، هەیانە دەرچوونەکەی کورت

کردۆتەوە لە دژی ئەوەی ستەمەکە ئاشکرابێ و شەرعی گۆڕیبێ، هیچ موسڵمانێك نە لەوان و نە جگە لەوانیش نەیوتووە: یەزید ڕاستی پێکاوە و حوسێن یاخیبووە، تەنها ئەوە نەبێ کە شەیتان فرێیداوەتەوە ناو کەللەی سەید، شەیتان حەزکردنی لەم نەزانیە پێش سەید بە کەس نەبەخشیوە". (العواصم والقواصم في الذب عن سنة أبي القاسم لابن الوزير اليماني "٨/ ٧٥ – ٧٨" ط ٣ مؤسسة الرسالة ١٤١٥ه / ١٩٩٤م). (لە شێخ نادر سەعدی عومری وەرگیراوە).

ئەمە دۆخی زانایانی پێشینانە لەگەڵ جێنشینە ئەمەویەکان و سەرەتاکانی سەردەمی عەباسی. بۆ نموونە باسی وتەی سوفیانی سەوری دەکەم، کە بۆ هارۆن ڕەشیدی نووسیوە: "لە بەندەی تاوانکارەوە، سوفیانی کوڕی سەعیدی مونزیری سەوریەوە، بۆ بەندەی لەخۆبایی بەهۆی ئومێدەوە، کە

هارِون ڕەشیدە، ئەو کەسەی شیرینایەتی ئیمان و باوەڕی لێوەرگیراوە". ئا ئەمە عەتائی کوڕی ئەبو ڕەباحە، قسە لەگەڵ وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك دەکات، کاتێك وەلید داوای لێکرد قسەی بۆ بکات، ناوبراو وتی: "پێمان گەیشتووە، لە دۆزەخدا دۆڵێك هەیە پێی دەوترێ (هبهب)، خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ هەر حوکمڕانێکی ستەمکار، وەلید بەهۆی ئەم وتەیەی ناوبراو ترسا". ئا ئەمە حەسەنی بەسرییە، هاوار بەسەر عامری شەعبیدا دەکات، کاتێك قسەی نەرمی کردووە بۆ حەجاج، جا حەسەن وتی: لێم دوور بکەوە عامر! خەڵك دەڵێت: عامری شەعبی زانای کوفە. هاتۆتە لای شەیتانێك لە شەیتانە مرۆڤەکان، بەپێی ئارەزووی ئەو لەگەڵی دەدوێت، ڕای نزیك لە ڕای ئەو دەردەبڕێت، عامر لە خوابترسە". ئا ئەمە "ئیبن ئەبی زوئەیب"ە وەڵامی ئەبو جەعفەری مەنسوڕ دەداتەوە، کاتێك داوای ڕای ئەوی کرد لە

بارەی خۆی، جا وتی: "گەواهی دەدەم ئەم سامانەت لە کەسانی تر ستاندووە کە مافی ئەوان بووە، بە کەسانی ناشایستەت داوە، لەوەش خراپتر ستەم لەبەردەم دەرگاکەت بەربڵاوە".

ئەمە دۆخی ئەوان بووە، کاتێك ئیسلام خاوەنی خەلافەت و ئوممەت بوو، ئەی ئێمە دەبێ دۆخمان چۆن بێ، بەهۆی ئەوەی بەسەر ئوممەت و موسڵماناندا هات لە ئێستادا.

من لێرە نیم سەبارەت بە تاوتوێ کردنی ئەم پرسانە، بە ئەندازەی تاوتوێکردنی "پەیڕەوی هزرەکە" و ڕاستکردنەوەی ئاڕاستەکەی بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ڕێبازی گشتگیری ئیسلام، بەبێ تاقم و پەرتەوازەیی و دەمارگیری و جیاوازی لە ئایندا.

چەقبەستن لەلای سێ سەدەکە، هەڵبژاردنی پرسی "ناوو سیفەتەکان و دەرنەچوون لە دژی حوکمڕان" لە ناو پرسەکانی ئەم سێ سەدەیە، گواستنەوەی ئەو کێشانەی ئەو

کات باوبوون له ڕۆژگاری ئەواندا! هاتنی نەوەکان له دوای ئەوان و ئاڵودەبوون به هەمان کێشه و به هەمان شێواز! تەنانەت ئەگەر ئەم کێشه له ڕۆژگاری ئەوانیشدا نەبێ، تەنانەت ئەگەر شێوازەکه نەشیاویش بێ" ئا ئەمه حیزبایەتی و دەمارگیری و پەڕگیری مەزهەبی و هزری هێنایه کایه، له کۆتاییدا سەریکێشا بۆ وێنەیەکی چەقبەستووی نەزۆك، نەیتوانی لەگەڵ پرسەکانی ئوممەت بگوزەرێنێ، تەنانەت نەیتوانی دەریبهێنێ له دەسەڵاتی خۆسەپێن و ستەمکاران...! ئەمەش زۆرێك له نموونەی هزری شێواوی بەرهەم هێنا، که زانستی کورت هەڵهێنا له خراپترین قۆناغی سێ سەدەکەدا، ئەوەی هەڵبژارد که لەلایەك خەڵك بێ ئاگا بکات له واقیع و کێشەکانی، لەلایەکی ترەوە خۆسەپێنی و ستەمکاری بپارێزێ و زاڵ بکات بەسەر لایەنەکانی تردا.

بەڵکو پێیان وابوو ڕێبازی پێشینان بریتییە لە "گوێڕایەڵی و فەرمابەرداری و قەدەغەبوونی دەرچوون دژی حوکمڕان" بەمەش لەسەر مەزهەبی حەنبەلیەکان و ئەوزاعیڕۆیشتن، ئەوانەی دەرچوون بە حەڕام دەزانن لە دژی حوکمڕانی ستەمکار، ئەگەر چی هەندێك لە حەنبەلییەکان ڕایان جیاواز بێ لەمەدا، وەك: ئیبن ڕەجەبی حەنبەلی و ئەبو وەفائی عەلی کوڕی عەقیل و ئەبو فەرەجی کوڕی جەوزی و عەبدلڕەحمانی کوڕی ڕزین... ئەوانە پێیان وایە دەرچوون لە دژی حوکمڕان دروستە، سەرباری ئەبو حەنیفە و شافیعی و مالیك و ئیبن حەزم، ئەوانە دەرچوون لە دژی حوکمڕانە ستەمکارەکان بە دروست دەزانن. سەرەڕای هەموو ئەوانەی قسە دەکەن لەسەر ماوەی "پاشای گازگر" و ئەو خەلافەتەی هەیە و ئەو شەریعەتەی بەگشتی حوکم دەکات، هەروەها کەسایەتییە دیارەکانی تێکۆشان بە بەردەوامی بەگشتی.

ئەوەی سەیرە ئەوەیە پرسی سەردەمی ئەوان، گوازراوەتەوە بۆ ئوممەت لە ئێستادا، کە لە قۆناغی "پاشای خۆسەپێن و ستەمکاراندایە" و سەلەفییەکانی ئەم سەردەمە هەوڵیان داوە، کێشەکانی سەردەمی زانایانی سوننە لە ماوەی پاشای گازگردا بگوازنەوە ئێستا، لە سەردەمی ئەواندا بژین، هەڵبێن لە پرسەکانی ئوممەتەکەیان و دەستەوەسانیان لە پێشکەشکردنی هەر دیدگایەك و پەیڕەوگەرایەك لە ڕووبەڕوونەوەیدا، چونکە لاساییکەرەوەن و خاوەنی توانا نین لە ڕووبەڕوو بوونەوەدا... بەڵکو هەندێك لە پێشەوا هاوچەرخەکانیان وتویانە: "لە سیاسەتەوەیە سیاسەت بەجێبهێڵی" پێم وایە وتەی: (ئەوەی هی قەیسەرە با بۆ قەیسەر بێ، ئەوەش کە هی خوایە ئەوا بۆ خوا جێی بهێڵە) وتەیەکە گونجاوە بۆ سەردەمەکەمان" یەکێکی تر دەڵێت: "سەلەفییەت ئەهلی سوننە و جەماعەتە، ئەم وەسف و

تایبەتمەندییە لەسەر جگە لەوان جێبەجێ نابێ... بەڵکو ئەشعەرییەکانیش لەوە دەردەچن وەسفی ئەهلی سوننەیان لەسەر بێتەجێ"!!

هەروەك پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین، سەردەمی ئەم پێشەوایانە لە زانا پایەدارەکانی سوننە، ئەو ڕووداوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی تیایاندا ڕوویدا، هەرگیز وێنەی نموونەیی یان خەلافەتی سەرڕاست نەبوو! بەڵکو خەلافەتی عەبباسی لە کارەساتێکدا کەوت، موسڵمانان وایانزانی ئەمە کۆتایی جیهانە، لە کاتێکدا هەندێك لە زانایان سەرقاڵ بوون بە ڕاجیایی مەزهەبی و ململانێ و پێشبڕکێ لە نێو میرەکاندا، ئەوا دەوڵەت دوای دەوڵەت لە بەشی خۆرهەڵاتی خەلافەت دەکەوت، تا وایلێهات بەغدادی پایتەختیش کەوت، بە بەجێهێشتنی ٢ ملیۆن موسڵمانی کوژار لە دوای خۆی!! تەتەر وڵاتی موسڵمانانی داگیر کرد، تەنها شام و میسڕ بۆ

موسڵمانان مایەوە... خوای گەورە (قتز)ی ئامادەکرد بۆ ئەوەی بەرپەرچی هێرشی تەتەر بداتەوە، ئەوان لە قۆناغی کۆتایی دابوون لە زاڵبوون بەسەر دەوڵەتی ئیسلامیدا. سەلاحەدینیشی ئامادەکرد بۆ ئەوەی بەرپەرچی هێرشی خاچهەڵگرەکان بداتەوە. هەر دووکیشیان ئەشعەرین!

*****

## گەشەکردن

ئەم زاراوەیە نەوە دوای نەوە گەشەی کرد، تا بازنەی "سەلەف" ئەوەندە فراوان بێ، هەموو ئەوانە لەخۆ بگرێ، کە لە دوای خۆیان جێیان هێشتوون! چیتر نەوەی هاوەڵان و خەلافەتی سەرڕاستی نەگرتەوە، بەڵکو زانایانی مەزهەبە فیقهییەکانیشی گرتەوە، تەنانەت زانایانی دەسەڵاتی خۆسەپێن و ستەمکارەکانیشی گرتەوە!! ناکۆکی لەسەر ئەم ناوە ڕوویدا... هەر یەکێك بۆ خۆی بانگەشەی سەلەفییەت دەکات!! بەڵکو شتەکە توندگیری زیاتری بەخۆیەوە بینی، وایلێهات سەلەفییەت و ئەو ناڕونیەی هەیە لەبارەی ماناکەی، بووە خودی ئیسلام! بەڵکو وترا محەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ) سەلەف بووە!

ئەم زاراوەیە بڵاوبووەوە لە ژینگەیەكی حیزبی قێزەوندا، كە لەسەر ناكۆكی و ڕاجیایی لە ئایندا دامەزرابوو، لە دیارترین ئەو ململانێیانەی نێو مەزهەبە فیقهییەكانی وەك حەنبەلییەكان و ئەشعەرییە شافیعییەكان... ئەم ململانێیە گەیشتە ئاستی شەڕكردن!!

دروشم و پێوەری ڕاست و نا ڕاست، بریتییە لە "دوشم و مۆری سەلەفییەت"، فڵانە سەلەفیەكی شوێنكەوتووی لاسایكەرەوەیە! جگە لەو سەلەڤ نییە، خوێندنەوەی كتێبەكانی یان شوێنكەوتنی ڕێبازەكەی دروست نییە!

زاراوە و چەمكەكە گەشەی كرد و ئەم شتانەی پێوە لكا:
چەقبەستوویی – لاساییكردنەوە – سادەیی و ڕووكەشگەرایی – توندبوون بەرامبەر كەسی ڕاجیا، بەڵكو هەندێك جار تەكفیر – ناوزڕاندنی بەرامبەر – دەستەوەسانی لە ئاست چارەسەركردنی

پرسەکانی کۆمەڵگە و کێشەکانی سەردەم — توندگیری لەگەڵ ئوممەت و نەرمی لەگەڵ حوکمڕانان.

## دروشمەکان

قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینانی ئوممەت.

زانایانی مەزهەبە فیقهییەکان و میراتی مەزن لە نەقڵکراو و لاساییکردنەوە و فەتوایە ڕیزپەڕەکان! ئەم وتە نەقڵکراوانە وەك سروش و نیگایان لێهات لە دڵی خەڵکی گشتیدا، هەروەها وتەی کەسەکان بوونە تاکە ئامراز بۆ تێگەیشتن لە سروش! وایلێهات کۆششی ئەوان لە سەردەمی خۆیان یان لاسایی کردنەوەیان و شوێن پێ هەڵگرتنی ئەوانەی پێش خۆیان بووە "تێگەیشتنی پێشینانی ئوممەت"، کە هەر کەسێك پێشێلیان بکات ئەوا پێشێلی ئاینی کردووە، بیدعەی تێدا کردووە! هەر کەسێکیش هەوڵ بدات بۆ وەرگرتن لە ڕووناکی سروش و

نیگا، تا تاریکی واقیعەکەی و کێشەکانی سەردەمەکەی پێ ڕۆشن بکاتەوە، ئەوا لە "سەلەفییەت" لایداوە.

لەبەر ئەوەی جیاوازی لە وتەی کەسەکاندا هەبوو، وایلێهات ڕێبازی سەلەڤ بۆ هەر دۆخێك ئامادەبێ، فلان سەلەفییە دەڵێت، فیسار سەلەفیەش دەڵێت.

ئەم ڕێبازی سەلەفیەتە تەنها لە خولگەی لاسایی کردنەوە و کەلەپوردا دەخولێتەوە و هیچتر نا، هەر بەرهەمێکی هزری — ئەگەر بەرهەمێکی هزری هەبووبێ — ئەوا تەنها پەڕاوێز و کورتکراوە و لێکۆڵینەوە بوونە، شێخ و زانا تەنها ئەو کەسەن کە قورئان لەبەر دەکات، بە دە گێڕانەوەکە، شەش کتێبەکەی سوننەت لەبەر بکات بە لێکۆڵینەوە و زنجیرە و گێڕانەوەکەی. بەبێ زانستی یاساکان و واقیعی ژیان و ئەوەی کۆمەڵگە و وڵاتان پێی هەڵدەستن.

گەنج و لاوانی ئوممەت بەکارهێنران لە خولانەوە لە خولگەی ئەم ڕێبازە فراوان و فرەجۆرە، کە چەندین شێوەی وەك لق و پۆپ لێی بوونەوە، لە کۆتایدا هەموویان ئەم کەم و کورتیانەی بەسەردا زاڵن: لاساییکردنەوە — چەقبەستوویی — ڕوکەشگەرایی — دەمارگیری.

## چاکتربوونی سێ سەدەی یەکەم

ئەم فەرموودەیە بە زیاد لە گێڕانەوەیەك گێڕدراوەتەوە، گێڕانەوەیەك هەیە کورت هەڵاتووە لەسەر سەدەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و بەس، گێڕانەوەیەکی تر هەیە کورت هەڵاتووە لەسەر هەر دوو سەدەی یەکەم و دووەم، گومانی لەبارەی سێیەم دروست کردووە، گێڕانەوەیەکی تر جەختی لەسەر سێ سەدە کردۆتەوە، گێڕانەوەیەکیش هەیە گەیشتووەتە چوار سەدە:

* باوکی عەبدوڵای دیمەشقی بۆی گێڕامەوە، وتی: گوێبیستی ئەکسەمی کوڕی جەون بووم، دیوت: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: "چاکترین سەدە، سەدەی منە" (تاريخ دمشق لابن عساكر/ ٧٢٢٢٧).

له عومەرەوە هاتووە، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: "چاکترین خەڵك، ئەم نەوەی منە بە دوور و درێژی" (التاريخ الكبير للبخاري/ ١٠٢).

* لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: "چاکترینی ئوممەتم، ئەو سەدەیەیە کە من تێیدا نێردراوم، ئینجا ئەوەی دوای ئەوان دێن، خوا زاناترە بیرم نایەت باسی سەدەی سێیەممی کرد یان نا، وتی: ئینجا کەسانێك لە دوای ئەوان دێن، حەزیان لە قەڵەویە، گەواهی دەدەن پێش ئەوەی داوای گەواهیان لێ بکرێ" (صحيح مسلم/ ٤٦٠٨).

* له عیمڕانی کوڕی حوسەینەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتووە، وتویەتی: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: "چاکترینتان ئەوانەی سەدەی منن، دواتر ئەوانەی دوای ئەوان، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن". عیمڕان وتی: نازانم، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) باسی دوو یان سێ سەدەی کردووە، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: "له دوای ئێوه کەسانێك دێن ناپاکی دەکەن، داوای سپاردە دەکەن، له کاتێکدا داوایان لێنەکراوە سپاردە هەڵبگرن، گەواهی دەدەن، که داوای گەواهیدانیان لێنەکراوە، بەڵێن دەدەن، بەجێی ناگەیەنن، قەڵەویان له نێودا دەردەکەوێ" (صحیح البخاري/ ٢٤٧٠).

* له عومەری کوڕی خەتابەوە هاتووە، وتویەتی: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: "چاکترین سەدە، ئەوەیە که من تێیدام، ئینجا ئەوەی دووەم، دواتر ئەوەی سێیەم، پاشان چوارەم،

خوای گەورە هیچ بایەخێکیان بۆ دانانێ" لە فەرموودەی ئەعمەشە، فەرموودەیەکی نامۆیە. (حلیة الأولیاء/ ٥٣٢٨).

کامە گێڕانەوە دروستتر بێ، ئەوا گشت فەرموودەکان بەپێی گێڕانەوەکەی لێك دەدرێنەوە: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لەبارەی قۆناغێکی چارەنووسیی مێژووییدا دەدەوێ، کە ئوممەت پێیدا تێپەڕ دەبێ، وەك ئەم فەرموودەیەی: لە حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە هاتووە: خەڵك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دەکرد لەبارەی خێر و چاکە، من پرسیارم لێدەکرد لەبارەی شەڕ و خراپە، لە ترسی ئەوەی نەوەك تووشم ببێ، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ئێمە لە نەفامی و خراپەکاریدا بووین، خوای مەزن ئەم خێرەی بۆمان هێنا، ئایا لە دوای ئەم خێرە خراپە و شەڕ هەیە، فەرمووی: بەڵێ، وتم: ئایا لە دوای ئەو خراپە و شەڕە چاکە هەیە، فەرمووی: بەڵێ و هەندێك ناڕوونی و لێڵی تێدایە، وتم: لێڵی و ناڕوونیەکەی چییە؟ فەرموویەتی: خەڵکانێك شوێن

ڕێبازێکی جیا لەوەی من دەکەون، شتی چاك و خراپیان لیٚ دەبینن، وتم: ئایا لە دوای ئەم خێرە خراپە و شەڕ هەیە، فەرمووی: بەڵیٚ، چەند بانگخوازێك لەسەر دەروازەی دۆزەخن، هەر کەسێك بەدەمیانەوە بچیٚ، ئەوا فڕێی دەدەنە ناویەوە... " (صحيح البخاري/ ٣٣٦٠).

سەلەفییەکان وا لەمە گەیشتوون، بەرهەمهێنانی هزری و کۆشش کردن بوەستیٚ، لەلای سنووری سیٚ سەدەی یەکەم! نابیٚ کەس ئەم هێڵە ببەزێنیٚ، ئەگەرنا دەبێتە کەسێکی بیدعەچی نا سەلەفی!

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبیٚ) — لە چەند فەرموودەیەکی تردا — دواوە لەبارەی ئەو فیتنە و ئاشوبەی لە دوای ئەو ڕوودەدات، باسی ئەو دەسەڵاتەی کردووە کە داگیر دەکریٚ و ئەو ڕێبازەی دەگۆڕدریٚ لە سیاسەتی حوکم و ساماندا، ئەمانە هەموویان لەو سیٚ سەدەدا ڕوویاندا، مەبەست لە چاکتر بوون، بریتییە لە دۆخی ئوممەت بەگشتی. گومان لەوەدا نییە دۆخی پێغەمبەرایەتی باشترە لە

خەلافەتی سەرڕاست، خەلافەتی سەرڕاست باشترە لە پاشای گازگر، پاشای گازگر – بەگشتی – باشترە لە پاشای خۆسەپێن و ستەمکار. ئوممەت خەیاڵی خەلافەتێك دەكات لەسەر ڕێبازی پێغەمبەرایەتی لە ڕێگەی گەڕانەوەیەدا.

بەڵکو لێرەدا فەرموودەیەکی تر هەیە، لەبارەی حوکمڕانی زارۆك و گەنج و بەمیرات مانەوەی حوکمڕانی بۆیان دەدەوێ: لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، وتویەتی: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: "تیاچوونی ئوممەتەکەم لەسەر دەستی چەند گەنجێکی گەوج و گێلی قورەیشە" (صحيح البخاري/ ٣٣٥٩، مسند أحمد/ ٧٦٧٢).

ئەمە ڕوویدا بە کرداری، لە ماوەی "پاشای گازگردا"، تەنانەت گێڕەرەوەی فەرموودەکە، ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) بە

مەڕوانی وت: ئەگەر دەتەوێت ناوەکانت بۆ دەدەم، نەوەی فلان و نەوەی فیسار!

عەمری کوڕی یەحیای کوڕی سەعدی ئەمەوی لە باپیرەیەوە بۆمانی گێڕاوەتەوە، وتویەتی: من لەگەڵ مەڕوان و ئەبو هورەیرە بووم، گوێبیستی ئەبو هورەیرە بووم دەیوت: لە ڕاستگۆی متمانە پێکراوەوە بیستوومە، دەڵێت: "تیاچوونی ئوممەتەکەم لەسەر دەستی گەنجانێکە لە قورەیش، مەڕوان وتی: گەنجانێك، ئەبو هورەیرە وتی: ئەگەر دەتەوێت ناویان بدەم: نەوەی فلان، نەوەی فیسار" (صحيح البخاري/ ٣٣٥٩).

## ناولێنان

کاتێك پرسیار لە سەلەفییەکان دەکرێ ئەم ناوەیان لە کوێوە هێناوە، ئایا هیچ بەڵگەیەکی لەسەرە !

باسی ئەم فەرموودەیەت بۆ دەکەن: "من چاکترین پێشینەم بۆت" !

لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، فاتیمە (خوا لێی ڕازی بێ) وتویەتی: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: ".. وادەیبینم سەرەمەرگم نزیك بووەتەوە، لە خوابترسە و ئارام بگرە، من چاکترین پێشینەم بۆت، وتی: من زۆر گریام، هەروەك منت بینی، کاتێك بینی من زۆر تێکچووم، دووبارە دڵخۆشی کردم و فەرمووی: ئایا ڕازی نابی ببیت بە گەورەی ئافرەتانی

باوەڕداران، یان سەرگەورەی ئافرەتانی ئەم ئوممەتە" (صحيح البخاری/ ٥٨٣٩).

ئەمە بە بەڵگە هێنانەوەیەکی سەیرە، ڕوکەشگەرایی لە دیدگا و تێڕوانیندا ڕوون دەکاتەوە، دەمارگیری پیشان دەدات بۆ چەند ناوێك، کە خوای گەورە بەڵگەی لەسەر دانەبەزاندووە.

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری ڕێزدار (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بۆ فاتیمەی کچی (خوا لێی ڕازی بێ) دەدوێ سەبارەت بەوەی ئەو باشترین باوك یان پێشین یاخود نەوەی پێشینە بۆ ئەو، دڵی دەداتەوە لەکاتی نزیك بوونەوەی سەرەمەرگی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)... جا چۆن دڵی ناداتەوە کە ئەو پێغەمبەری خوایە (درود و سڵاوی خوای لێبێ)؟!

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: لە دایکی سەلەمەوە هاتووە وتویەتی: گوێبیستی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بووم،

لەسەر ئەم مینبەرە دەیفەرموو: "من پێشینەم بۆ ئێوە لەسەر کەوسەر" (مصنف ابن أبي شيبة/ ٣٠٩٧٧).

واتە پێش ئێمە دەچێتە سەر کەوسەر و بانگی ئێمە دەکات بۆ سەری بەویستی خوا.

پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لەبارەی خۆیەوە دەدوێ، ئەمە وەك ئەم فەرمایشتەی ئەوە: "چاکترین سەدە سەدەی منە"، ئایا هەر نەوەیەکی پێشتر و هەموو پێشینێکی پاشینەکانی ئێستا چاکە؟!

زیادەڕەوی دەمارگیریان وای لەوان کردووە بڵێن: پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) سەلەف بووە! دەی با وێنای ئەوە بکەی، کە چۆن عەقڵی کەسانی سادە لە گەنجان و خەڵکی هاووێنەی ئەم وتە و تێگەیشتنانە وەردەگرن؟!

قورئان لەبارەی نەوەکانی پێش نەوەکانی ئێستا دەدوێ، تەنها بەپێی ڕێباز و ڕێگەی پەیڕەوکراو.

ڕەخنەی لە هاوبەشدانەران گرتووە، لەسەر شوێنکەوتنی باوو باپیران و پێشینانیان، فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آَبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ آَبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾ البقرة: ١٧٠. واتە: (ئەگەر بەو خەڵکە بوترێت: شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەون کە لەلایەن خواوە ڕەوانەکراوە، دەڵێن: نەخێر، هەر شوێنی ئەوە دەکەوین کە باووباپیرانمان پێوەی ئالوودەبوون و لەسەری راهاتوون، ئایا ئەگەر باووباپیرانیشیان تێنەگەیشتو و هیچ نەزان و ناشارەزا و ڕێنموویش وەرنەگرن).

﴿وَإِذَاقِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ قَالُوا حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آَبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ آَبَاؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾ المائدة: ١٠٤. واتە: (هەر کاتێك پێیان بوترێت: وەرن بۆ لای ئەوەی خوا دایبەزاندووە و وەرن بۆ لای پێغەمبەریش "بۆ ئەوەی داوەری بکات لە نێوانتاندا" ئەوە دەڵێن: هەر ئەو بەرنامەیەمان بەسە کە باووباپیرانمان لەسەری بوون و لە مامۆستا و ڕابەرانمانەوە فێری بوین و بۆمان

ماوەتەوە، ئایا ئەگەر کاتێکیش باوان و مامۆستایانیان هیچ شتێك لە حەرام و حەڵاڵ نەزانن و ڕێنموویش وەرنەگرن، ئەوە هەر شوێنیان دەکەون؟!).

﴿وَكَذَلِكَ مَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِنْ نَذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا وَجَدْنَا آَبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آَثَارِهِمْ مُقْتَدُونَ﴾ الزخرف: **٢٣**. واتە: (هەر کاتێك پێغەمبەرێکمان ناردووە بۆ هەر شوێنێك، خۆشگوزەرانەکان وتوویانە: ئێمە باوانی خۆمان بینیوە پابەندی بیروباوەڕێك بوون، ئێمەش چاو لەوان دەکەین).

ڕێبازی لاساییکردنەوەی باوو باپیرانی ڕەتکردۆتەوە، تەنها لەبەر ئەوەی باوو باپیرن، ڕێبازی ڕاست و دروست، تەنها بریتییە لە شوێنکەوتنی پێغەمبەر و کتێبی خوا، لەوانەیە باوو باپیران لە هیچ شتێك تێنەگەن و ڕێگەی ڕاستیش نەگرنەبەر.

له چیرۆکی یوسفدا (سڵاوی خوای لێبێ) لەبارەی باووباپیران و پێشینانی دەدوێ و دەفەرمووێ: ﴿وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آَبَائِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ مَاكَانَ لَنَا أَنْ نُشْرِكَ بِاللَّهِ مِنْ شَيْءٍ ذَلِكَ مِنْ فَضْلِ اللَّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ﴾ یوسف: ٣٨. واتە: (بەڵکو شوێنی ئایین و بەرنامەی باووباپیرانم ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب کەوتووم، هەرگیز ڕەوانییە بۆ ئێمە هیچ جۆرە شتێك بکەینە هاوەڵ بۆ خوا، ئەوەش لە فەزڵ و ڕێزی تایبەتی خواییە لەسەر ئێمە و لەسەر خەڵکیش، بەڵام بەداخەوە زۆربەی خەڵکی سوپاسگوزاری ناکەن).

خولگە و بنچینەی گشتی لەسەر ڕێبازی ڕاست و دروستە، پێشینان لەسەری بووبن یان نا.

### شوێن بەڵگە کەوتن

گومان لەوەدا نییە هەر موسڵمانێك شوێن ئەوە دەکەوێ کە بە سروش و نیگا هاتووە، شوێن کۆی بەڵگە شەرعییەکان دەکەوێ بەبێ

پەرتەوازەیی و بێ ئەوەی پارچە پارچە و بەش بەشێ. لە وێنەیەکی تەواو و گشتگیردا، هەموو بڕیار و کارێك بۆ خوا دەگێڕێتەوە، حوکمەکان لەسەر واقیع و بارودۆخەکە دادەبەزێنێ، تا مەبەستی خوا بەرپا دەکات، لە پایەدارکردنی ڕاستی و دادی خوایی بۆ گشت خەڵك بەبێ جیاوازی و پەرتەوازەیی.

بەڵام ئەو وێنە سەلەفیەتەی خراوەتەڕوو — لە نەوە پاشینەکاندا — ئەم پرسەی زۆر بە توندی و بەش بەشی وەرگرت، بەڵکو هەندێك جار بەشێوەیەکی تێکگیراو وەری گرتووە... ئەم شتە ڕێگر بوو لە بەردەم دامەزراندنی پەیڕەوێکی ئیسلامی بە تێڕوانینێکی گشتگیری تەواو، یەکەم جار لەلایەنی شەرعەوە، دووەم جار لە تێڕوانینێکی گشتگیری کاملێ لەلایەنی واقیعەوە، سێیەمیان لەلایەنی یەکخستنی ئوممەت و بەرەنگاربوونەوەی پێشهاتەکانی!

سەرباری ئەمە دەمارگیربوون لە وەرگرتنی فەرمودە، لاوازکردنی هەندێك فەرموودە... هەر کەسێك کاری پێ بکات و وەری بگرێ، ئەوا شوێن بەڵگە ناکەوێ، دواتر سەلەفی نییە، بەمەش ڕەتکراوەیە!

شوێن کەوتنی بەڵگە وەرچەرخا بۆ شوێنکەوتنی مەزهەب، بۆ شوێنکەوتنی شێخێکی دیاریکراو لە مەزهەبێکدا، بۆ بەپیرۆزگرتنی کەسەکان و وتەکانیان لە کۆتاییدا! و بەگەوج و بەبیدعەچی و ڕەتکردنەوە، بەڵکو دژایەتی و دوژمنایەتی کردنی هەر دیدێکی تر!

* **

## کاردانەوە

لە لایەنی بەرامبەرەوە، وەك كاردانەوە لە بەرامبەر ئەم ڕێبازە سەلەفییە، ڕێبازێك پەیدابوو، هەموو ئەم كەلەپورە مەزنەی ڕەت دەكردەوە بە ورد و درشتی، توانجی لە زانایان دەدا بە ڕاست و نا ڕاست! لەم ڕق و كینە ڕێبازی شوێنكەوتنی هەوەس و ئارەزوو پەیدابوو لە ڕوانین و ڕامان لە سروش و نیگا، لێكدانەوە و شرۆڤەكردنی بەپێی هەوا و ئارەزوو! تا سروش و نیگا بەتاڵ دەكرێتەوە لە ناوەڕۆك و پەیامەكەی، لە كۆتاییدا دەكرێتە شتێك، كە شیاوبێ بۆ گۆڕانكاری و یاری پێكردن و تێكگیران، بەمەش وا بە نەستی ئوممەت دادێ ڕووناكی نیگا و سروش كوژاوەتەوە! ئەم ڕاجیاییانە ڕێگر دەبن لە بەردەم بەرپاكردنی ئایین، بەرز ڕاگرنی وشەی خوا، هەڵگرتنی پەیام، یەكێتی

ئوممەت... ئەم ڕاجیاییانە وادەکەن لە یەك دەربڕین و مانادا زیاد لە یەك ڕێگە و شێواز هەبێ، بەمەش هیچ یەکێکمان ڕێکناکەوین.

سەلەفییەت و جۆرەکانی

سلف: بە مانای پێشین دێ. سەلەفییەتیش: بە مانای ئەو ڕەوتە دێ کە لە هەموو شتێکدا دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینان. بەمەش دەتوانرێ پێیان بوترێ: کۆنگەرا، واتە: ژیری و عەقڵی خۆیان لەکارخستووە، تەنها کاریان بووەتە گواستنەوەی تێگەیشتنی پێشینان و پیادەکردنی لە سەردەمی هاوچەرخدا.

لە هەمان کاتدا هۆشیاری گشتی ئوممەت قبوڵی تانە لێدان ناکات لە کتێب و سروش و نیگای خوا، دەست دەکات بە پیرۆزگرتن و پاراستنی لەسەر شێوازی سەلەفییەت لە کتێبخانەکان و پاراستنی پێگەیەکی تایبەتی نادیار بۆی لە دڵەکاندا... لە کاتێکدا لە ناخی سەلەفییەکاندا بریقە و ڕووناکی و توانای ئاڕاستەکردنی لەدەستداوە !

ئەم هەستپێکردنە نەستییە لە هۆشی ئوممەتدا، لە دەرەنجامی ململانێی نێوان ڕێبازی سەلەف چەقبەستوو! لەگەڵ ڕێبازی شوێن هەوا و هەوەسکەوتن لە ڕوانینە کتێبی خوادا... دەستەوەسانی هەر دووکیان لە بەرەنگاربوونەوەی پرسە چارەنووسسازەکانی ئوممەت.

* * *

بە گەڕانەوە بۆ سەرهەڵدانی چەمکی "پێشینە چاکەکان" لە ماوەی زانایان "پاشای گازگردا"، بەتایبەت لە ماوەی خەلافەتی ئەمەویدا، بە مانای چینی هاوەڵانی و خەلافەتی سەرڕاست دەهات، ئەم چەمکەیان بەکارهێنا وەك بەرپەرچدانەوەیەکی پوختی گومان و بیدعە و ڕاجیاییەکان، کە لە سەردەمی ئەواندا هەبوون، کە بیروباوەڕ تێکەڵ بە فەلسەفە بوو، قسەکردن لەبارەی ناوو سیفەتەکانی خوا ئاوێتە بوو بە ڕێبازی زانایان لاهوتی و فەلسەفەی یۆنانی کە هاتبووە لایان لەو کاتدا، جگە لەوانیش لە بیدعە و گومانەکان... ئەمەش پاڵینا بە زانایانەوە، تا

پێوەرێکی گشتی و تەرازووێکی ورد دابنێن، تا بۆی بگەڕێنەوە، ئەویش "پێشینەکانیانە"، پێشینەکانیش بریتین لە هاوەڵان و چینی خەلافەتی سەرڕاست.

مانای سەلەفییەتی ئەوان ئەوە بوو، بەڵگەیان پێدەهێنایەوە لە بەرامبەر خەڵکی بیدعەچی و زیادەڕەو و کەمڕەودا، بەرگری کردنیان لە سوننەت کاریگەریەکی مەزنی هەبوو لە پاراستنی ئایین و ڕێبازەکەی لەبەرامبەر ئەو هێرشانەی لە هەموو لایەکەوە دەکرایەسەری.

دواتر ماناکە لە ڕێگە لایدا، هەموو ئەوانەی گرتەوە کە دوای "چینی هاوەڵان و خەلافەتی سەرڕاست"یش بوون، بەمەش لە دوای ناکۆکی و ململانێکان بە چەقبەستوویی و ڕوکەشگەرایی و لاساییکردنەوە و دەستەوەسانی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەکانی سەردەم وەسفکرا.

لەم ماوەیەدا هەر کۆمەڵەیەك، خۆی بە خاوەنی تاکە ڕاستی و حەقی ڕەسەن زانی، لە ئامادەبوون لەسەر شانۆی ژیانی ئیسلامی،

بەهۆی مێژووی پێشینە شکۆدارەکانی، تووشی نەخۆشی بەخۆسەرسامبوون بوون و بانگەشەی ئەوەیان کرد ڕاسپێردراون بەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامدا، تەنها ئەوان ئەهلی سونەن، خاوەنی تێگەیشتنی دروستن بۆ بیروباوەڕی ئیسلامی، ئەمەش ناکۆکی و پەرتەوازەیی و باڵباڵێن، خۆ بە بەرزترگرتن لەوەی تر لە ڕووی ڕۆشنبیریەوە دروست دەکات. هەوڵدان بۆ بە دادوەر دانانی پیاوانی مەزهەب، نەوەك پەیامی ئیسلام هات.

جۆرەکانی سەلەفییەت:

لەوانەیە هێڵی گشتی، کە هزری سەلەفییەت پێی جیا دەبێتەوە، ئەم شتانە بن: "لاساییکردنەوە، چەقبەستوویی، زیادەڕۆچوون، تاکڕەوی"، لەسەر ئەمانە قوتابخانەی جیاواز لە هزری سەلەفییەت پەیدابوون، کاریگەربوون بە هەندێك هزری تازە، کە نامۆن بەلای "هزری دایکەوە". هەروەك لەلای "کەسی لاساییکەرەوە" زیادەڕۆچووبێ لە

بەرامبەر دژەڕای خۆی، ئەوا لەگەڵ ئەمەدا گەیشتە پلەی یەکتر کافر کردن لە نێو قوتابخانە جیاوازەکان.. ئەمانەی خوارەوەش جۆرەکانی سەلەفییەتن:

**سەلەفییەتی نەریتی (تەقلیدی):** ئەم جۆرەیان چەقی بەستووە لەسەر پاراستنی تەختی زۆردار و ستەمکاران. پارێزگاری لە خۆسەپاندنی سیاسی لە هەر نەوەیەکدا، ڕق و قینەی دژی ئەوانە چاندووە کە دژی ئەم ڕژێمانە بوونە و توووند لەگەڵیان هەڵسوکەوتیان کردووە.

**سەلەفییەتی زانستی:** ئەمەیان بە تەواوی لە واقیعی ژیان دابڕاوە، لە مێژوودا دەژیەت، خزمەتی سەلەفیەتی نەریتی (تەقلیدی) دەکات. هەر دوو جۆرەکەیان پێیان وایە ئەوەی دژی حوکمڕان دەربچێ خەواریجە!

له نێوان ئەم دوو جۆرەی سەلەفییەتەدا چەندین جۆری سەلەفییەت هەیە، کە بە گوێری هزری هەر شێخێك و چەندێتی شوێنکەوتووانی دەگۆڕێت!

**سەلەفییەتی شۆڕشگێڕ (حەڕەکی):** ئەمەیان هەر دوو جۆری سەلەفییەتی نەریتی (تەقلیدی) و زانستی لەخۆیدا کۆ کردۆتەوە، ئەمە سەلەفییەتی شۆڕشگێڕی سیاسی... ستەم و زۆرداری ڕەت دەکاتەوە، بەڵام ئەم جۆرەی سەلەفییەتە بە جۆرێکی تازە دادەنرێ کە هاتۆتە پاڵ سەلەفییەتی نەریتی (تەقلیدی) و زانستی... تەنانەت سەلەفیەتی نەریتی (تەقلیدی): سەلەفیەتی حەڕەکی تۆمەتبار دەکەت بەوەی سەلەڤ نییە، بە قەمچی بێ بەشکردنی لە سەلەفیەت لێیدەدات! ئەمەیان هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدایە، هێشتا پرۆژەیەکی سیاسی کاملی بۆ گەڵاڵە نەبووە، هەر بۆیە سەختە ڕەخنەی لێبگیرێ و شرۆڤە بکرێ، چونکە هێشتا لەسەرەتادایە، کراوەترە، بەڵکو خوا ڕاستەڕێ و

سەرکەوتووی بکات و بەکاری بهێنێ بۆ خزمەتی ئیسلام و ڕابوونی موسڵمانان.

**سەلەفییەتی جیهادی:** دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان "سەلەفییەت، وەك ڕێبازێکی هزری" لەگەڵ "تێکۆشان، وەك چڵەپۆپەی ئیسلام"، لێرەدا ناکرێ بە ویژدانانە قسەی لەسەر بکرێ، لە ململانێیەکی هزریدایە لەگەڵ سەلەفییەتی نەریتی (تەقلیدی) و زانستی... تۆمەتبارکردنی یەکتری بە مورجیئایەتی و هزری خەواریج و ئاڵوگۆڕ کردنی تەکفیر لە نێوانیاندا (وتارێکی سەربەخۆ بەویستی خوا لەم نزیکانە لەسەری دەنووسم).

تێکگیران زۆر بە ڕوونی هەیە لە نێو قوتابخانە جیاوازەکانی سەلەفیەتەوە، سەرباری ئەوەی هەمووان بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەو سەلەفییە، ئەوەی تر سەلەفی نییە!

ڕوانینی تاکڕەوانەی بەرتەسك، بریتییە لە هێڵی کۆکەرەوەی گشتی نێوان گشت قوتابخانە سەلەفییەکان: یان گەیشتن بە دەسەڵات بە زەبری هێز، لەو کاتەدا "سەلەفییەتی جیهادی" دەست بە گۆڕانکاری دەکات. یان پەروەردەی تاکەکەسی گۆشەگیر "سەلەفییەتی نەریتی و زانستی".

هیچ یەکێك هێشتا نەگەیشتووەتە بزوتنەوەیەکی زیندووکەرەوەی گشتگیر، بە هەموو ئاڕاستە و لەسەر گشت ئاستێکدا بجوڵێت: سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنی و پەروەردەیی و بانگەوازی و تێکۆشانی... بە گشت ئاڕاستەیەکدا بڕوات وەك یەك جەستە، کە یەکتر گر و بەشەکانی پشتیوانی یەکتر بکەن. یان بەم لاشە گەندەڵەی بەهۆی ستەم و زۆرداری و ئارەزووەوە وایلێهاتووە؟!

شتێکی تریش گشت ئەم جۆرانە کۆ دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە هەموو ئەو جۆرانە بوونەتە قەوارە و حیزب... بزوتنەوەی وا کە خەریکە

لە ئوممەت دابـڕێن، هیچ ڕایەڵێك نایانبەستێتەوە. لە ئوممەتەوە بەرەو حیزب، لە بیروباوەڕێکی گشتگیرەوە بەرەو بیرۆکەیەکی لاوەکی ڕۆیشتووە... یان سەرهەڵدانی لە بنەڕەتدا بەم شێوەیە بووە.

سەرباری ئەمە دەستەوەسانیشە لە سەربەخۆیی هزری و زیندوێتی نوێبوونەوە، هەردەم بەدوای کەسێکدا دەگەڕێت لاسایی بکاتەوە، هەموو هزر و بزوتنەوەکەی بخاتەسەر ئەو! سەرەڕای دەستەوەسانیەکەی لە تێڕوانینی گشتی بۆ بیروباوەڕ و واقیع و هەڵسوکەوت کردن بە ئازادانە لەگەڵ بەرهەمی هزری گشت موسڵمانان، بەشێوەیەك کە خزمەتی پڕۆژەی ئوممەت بکات... ئەگەر پڕۆژەیەك لە بنەڕەتدا هەبێ! هەر بۆیە دەبینین کەلێنێکی قوڵ هەیە، خەریکە بگاتە چەندین نەوە لە نێوان شێخ و شوێنکەوتوودا! دوای نەمانی شێخ ئەم قەوارانە خێرا دەڕوخێن، تا شێخێکی تر بۆی دەردەکەوێ.

پەروەردەی شێخ و شوێنکەوتوو، کۆمەڵێك بەرهەم دێنێت، کە شکستخواردووە لە سەرکردایەتی کردن و پڕکردنەوەی بۆشاییدا! جاری وا هەبوو وا ڕوویداوە شێخێکی نوێ دەرکەوتووە، تەواو بۆچوونی جیاواز بووە لەگەڵ بنچینەی ئەو هزرەی قوتابخانەکەی لەسەر دامەزراوە، بنچینەکە بە ئاڕاستەیەکی تردا دەبات، بەبێ ئەوەی شوێنکەوتووان درکی پێ بکەن!

بەم چەقبەستوویی و تاکڕەوی و لاوەکیگەراییە لە ڕوانیندا، کارەساتی بێ ژمار ڕوویانداوە!

* * *

## کۆششەکانی ڕەوتی سەلەفی:

١- دژایەتی کردنی بیدعە و هاوبەشدانان لە خواپەرستیەکاندا، وەك: نزا و پاڕانەوە و پشتبەستن بە گۆڕ.

٢- بڵاوکردنەوەی سیماکانی سوننەتی پێغەمبەر لە ڕێنوێنی ڕووکەشدا.

٣- بانگەوازی کردن بۆ پەرستشەکان و نوێژ بەرپاکردن، زۆرکردنی ڕێژەی مزگەوتەکان.

٤- بایەخدان بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بە ڕێز.

٥- بڵاوبوونەوەی دیاردەی دینداری و باڵاپۆشی و نیقاب لە ناو کۆمەڵگەکاندا.

٦- چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ هەندێك چین و دەستەی پەڕاوێزخراو و هەژار.

٧- بڵاوكردنەوەی كتێبە وەرگێڕدراوە ئیسلامییەكان، لە وڵاتانی نا ئیسلامیدا.

* * *

## مەترسیداری ڕێبازی سەلەفی هەنووكە:

١- چەقبەستوویی - دەمارگیری - لاساییكردنەوە (تەقلید) - ڕووكەشگەرایی - توندگیری بەرامبەر دژەڕا - هێرشكردنە سەر بەرامبەر تا ئاستێك لەوانەیە بگاتە تەكفیر كردن - تەكفیری تاك لایەنە.

٢- دەستەوەسانی لە ئاست چارەسەركردنی پرسەكانی كۆمەڵگە و كێشەكانی سەردەم.

٣- توندكردن لەسەر ئوممەت، نەرم و نیانی و هێواشی لەگەڵ حوكمڕانان.

٤- بەپیرۆزگرتنی پیاوان و وتەی کەسەکان... کردنیان بە پلیکانەیەك کە نابیَ پیَشیَل بکریَن، بۆ تیَگەیشت لە ئیسلام، ئالَودەبوون لەگەلَ پەیڕەوی ئیسلامی.

٥- بەتالَی پەیڕەوەکە لە بەرهەمی هزی جیاواز و کۆکەرەوە بۆ ئوممەت، کە پرس و تەحەداکانی لەخۆبگریَ.

٦- داگیرکردن و جلَەوگیر کردنی هۆشیار و هزر لەلای گەنجان، لە شویَنکەوتنی ڕیَبازی ئیسلامی، بەوەی ڕیَبازیَکی خوایی و گشتگیر و چەسپاو و هاوسەنگ و ئەریَنی و واقیعی و نموونەییە.

٧- پەروەردەکردنی نەوەیەکی نەریَنی بەرامبەر پرسەکانی ئوممەتەکەی، ئەگەر پیَیەوە سەرقالَیش بیَ ئەوا دەستەوەسانە لە ئاست خویَندنەوەی، چ جای شیکردنەوەی و دۆزینەوەی چارەسەریَك بۆی.

٨- زۆر زیادەڕۆچوون لە بایەخدان بە هەندێك پرسی فیقهی سادە، فەرامۆشکردنی ڕووداو و پرسە مەزنەکانی ئوممەت.

٩- ڕۆیشتنە ناو وردەکاری زۆر بچوك و جیاواز و دوور لە واقیع، بەمەش دۆخێك لە گۆشەگیری و پەرتەوازەیی و ونبوونی ڕێباز و کارایی دێتە ئارا.

١٠-پشتی بەستووە بە چەند بژاردەیەکی فیقهی لە کاتێکدا کە سەردەمی خۆی نییە، لە قۆناغێکدا کە هی خۆی نییە، ئەمەش لە کۆتاییدا ناودەنێن "زانستی پێشینان و ئێمەش لاساییان دەکەینەوە"، بژاردە فیقهییەکانیان و وتەکانی پێشینان کۆگیر دەبێ بەپێی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەوە ڕەت دەکرێتەوە کە دژە لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەو ڕژێمەی هەیە. وا دادەنێن سەلەفییەت تاقمی ڕزگاربووی پارێزراوە.

١١- ڕێبازەکە پشتی بەستووە بە دەرهێنانی "فیقهی زانایانی دەستوپێوەندی کاربەدەستان" و وێنەیەکی نزیکتر لە کاهین و

قەشەکان، کە بایەخ بدەن بە سیما ڕووکەشییەکان لە دینداریدا، لەسەر حیسابی ناوەڕۆك و دەروون.

لە کاتێکدا پێشینە چاکەکان (نەوە و چینی خەلافەتی سەرڕاست) ئاینی بەرپا دەکرد، بەرنامە و شەرعی خوای جێبەجێ دەکرد، وشەکەیان بەرز ڕادەگرت، پەیامەکەی هەڵدەگرت، ئوممەتەکەی یەکدەخست، ڕاستی و دادگەریی خوایی بۆ گشت خەڵك بەبێ جیاوازی بەرپا دەکرد... هەروەها لە کاتێکدا خەلیفە سەرڕاستەکان و کاربەدەستەکانیان هەستیان بە هیچ تایبەتمەندیەك نەدەکرد بەسەر ئوممەتدا لە پلەوپایە و سامان و دەسەڵاتدا، هاوڵاتیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ فاروقی خەلیفەی موسڵمانان دەکرد! لەسەر پارچە قوماشێك، کە لێی زیادە. کەچی دەبینین هەندێك لە سەلەفییەکانی ئەم ڕۆژگارە، وەك ئەوەی بوونەتە بالیفی ئەمین بۆ هەر حوکمڕانێکی خۆسەپێن و زۆردار و ستەمکار! نەرمی

نواندن و پاسا و بۆ گونجاندن و سۆز و بەزیی و نزا و پاڕانەوە بە پەنهانی و گەواهی بۆ گشت ستەمکارێکە، لە کاتێکدا لەسەر خەڵك زۆر تووندن، کە خراپ بوونە بەهۆی ستەم و گەندەڵی و ئامادەییان بۆ ئەمە... لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێ لەسەر چەند سانتیمەترێك لە پارچە قوماشێك، ئەگەر گۆزینگی پێی تێپەڕاند!

خەڵکی سادە وایانزانی ئەمە ئاینە... لە کاتێکدا لە خزمەتی تەخت و دەسەڵات بوو! کەچی وێنەی ڕاست بۆ ئایین ئەوەیە دەسەڵات و سامان و سیاسەت و هەموو شتێك لە خولگەی ئایندا دەخولێتەوە.

خەڵك لەسەر ئاینی پاشاکەیانن، خەڵك چۆنێك بن کەسێکی لەوشێوەیە دەبێتە کاربەدەستیان. ئەگەر پاشاکان خراپ بوون، هاوڵاتیانیش خراپ دەبن، ئەگەر هاوڵاتیان هەڵوێستی شەرعی نەگرنەبەر لە نکۆڵی کردن لە خراپە و فەرمان کرد بە

چاکە لە وێنە گشتگیر و هەمەکییەکەیدا، ئەوا خوای مەزن ستەم و زۆرداری حوکمڕانان بەسەریاندا زاڵ دەکات.

پێویستە ئاماژە بکەم بەم شوێنەوار و کێشانە، کە لەم هزرەوە سەریانهەڵداوە، تەنها بەهۆی هزرەوە نەبووە، بەڵکو نەخۆشییەکانی خۆسەپاندن هەن، کە ناخ و دەروونی موسڵمان تێکدەشکێنێ، بەداخەوە برازی ئیسلامی بە گشت ڕەوت و ئاراستەکانیەوە، بێ ئاگایە لەم نەخۆشیانە. دەستم کردووە بە لێکۆڵینەوە لەم نەخۆشیانە... خوای مەزن وتەی ڕاستم بۆ ئاسان بکات، ڕێنوێنیم بکات بۆ حەق و ڕاستی.

* * *

## ڕێباز و پەیڕەوی پێغەمبەر

موسڵمان تەنها دەدرێتە پاڵ "ئیسلام" نەوەك هیچ شتێكی تر، بۆیە ئەمە بەسیەتی و پێویستی بە هیچ ناو و نازناوێكی تر نییە بدرێتە پاڵی.

ئیسلام واتە بیروباوەڕ و شەریعەت و ناسنامە و ڕێباز و هزر. موسڵمانان دەدرێتە پاڵ ئیسلام، پێویست بەوە ناكات بدرێتە پاڵ هیچ نازناوێكی تر... هەر نازناوێك دروست ببێ ئاین دابەش بكات، دەمارگیری و حیزبایەتی بڕوێنێ، ئوممەت پەرت و بڵاو بكات، ئەوا بانگەوازی نەفامێتین... لە فەرموودەدا هاتووە: لە جابری كوڕی عەبدوڵاوە هاتووە، وتویەتی: پیاوێك لە كۆچبەران لە پیاوێكی ئەنساڕیدا، خزم و كەسی هەر دوو پیاوەكە كۆبوونەوە، خزمی كۆچبەرەكە وتیان: هاوار بۆ كۆچبەران! ئەوانی تر وتیان: هاوار بۆ پشتیوانان (ئەنساڕەكان)! ئەمە بە پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) گەیشت، ئەویش فەرمووی: "فەرامۆشی بكەن و وازی لێبهێنن،

بۆگەنە" ئینجا فەرمووی: "ئایا چیتان داوە لە بانگەوازی نەفامان، ئایا چیتان داوە لە بانگەوازی نەفامان؟!". (مسند الإمام أحمد/ ١٤٣٣٦).

هەر بۆیە پێویستە جیاوازی بکرێ لە نێوان پێشینە چاکەکان، ئەوانەی کە چینی هاوەڵان و خەلافەتی سەرڕاست و ڕێبازی ئەوانە لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات و سامان، لەگەڵ چینی زانایانی سوننە و ئەوانەی بەرگریان لە سوننەت کردووە بە گشتی، لە ماوەی پاشای گازگردا، فەرموودەی پیرۆزیان پاراستووە. هەروەها لەگەڵ زانایانی مەزهەبە فیقهییەکان. ڕوانینە ئەم مەزهەبانە بەشێوەیەکی بابەتیانە، نابێ سەلەفییەت لەم ڕۆژگارە بە "ڕێبازی ڕێنوێنی پێغەمبەر" دابنرێ، چونکە ڕێبازی پێغەمبەر پوچەڵی لە هیچ لایەکەوە توخنی ناکەوێ. هەندێك هەڵسوکەوت و ڕەفتار ئەنجامدراون لە نێو مەزهەبی حەنبەلی و ئەشعەرییدا کە ڕەتکراوەن!

موسڵمانان ئەم ڕاجیایی و کێشمەکێشە ناگوازێتەوە، لایەنگیری هیچ لایەنێك ناکات... بەڵکو هەڵسوکەوت لەگەڵ گشت زانایانی موسڵمانان دەکات، بەبێ ڕق و کینە و ئیرەیی و پەرتەوازەیی، هۆگری پەیدا بکات لەگەڵ گشت بەرهەمێکی هزری زانایانی موسڵمانان، مادەم دەرنەچووبێ لە "کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ)" بۆ ئەوەی ڕێگەی گەڕانەوەی خەلافەتی بۆ ڕوون ببێتەوە. موسڵمانان دەدرێتە پاڵ ئیسلام نەوەك مەزهەب، خۆشەویستی و لایەنگیریەکەی بۆ ئوممەتەکەی دەبێ نەوەك بۆ حیزب یان تاقمێك.

هەر بۆیە پێویستە لەسەرمان ڕێبازی هەنوکەی سەلەفی، بە چەشنە هزریەکەی، بگۆڕینەوە بە ڕێبازی پێغەمبەر، هەروەك لە فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە، بە وردی "ئەو ڕێبازە دیاریکراوە کە پێویستی شوێن پێی هەڵبگیرێ": "پابەندبن بە سوننەت و ڕێبازی من و خەلیفە سەرڕاستە ڕێنوێنیکارەکانم...".

پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بەم شێوەیە شوێن ڕێباز و سوننەتەکەی دەکەوت لە خواپەرستی و مامەڵەکان و پەیڕەوی ژیان، ڕێبازی خەلیفە سەرڕاستەکان لە حوکم و سیاسەت و بەڕێوەبردنی سامان و دەسەڵات بەم جۆرە بوو. سیاسەتی ئەوان لە حوکمڕانیدا وەستابووە سەر بەرپاکردنی ئایین، بە دادوەر دانانی شەریعەت، بەرزکردنەوەی وشەی خوا، هەڵگرتنی پەیامەکەی، یەکخستن و یەکێتی ئوممەت، حوکمڕان پرس و ڕاوێژ بە موسڵمانان بکات... حوکم و دەسەڵات داگیر نەکات و خۆی نەسەپێنێت، حوکمڕان لە پلەوپایە و ساماندا بە هیچ شتێك جیاواز و بەرزتر نەبێ لە موسڵمانانی تر، پرس و ڕاوێژی موسڵمانان ڕەت نەکاتەوە. سیاسەتی ئەوان لە ساماندا: ئەوەبوو سەروەت بۆ ئوممەت و دابەشکردن بە یەکسانی و بەپێی پێویست، هیچ کەسێك لەوەی تر بەرزتر نییە، قەدەغە و حەڕام کردنی گشت دیاردەیەکی سوو و قۆرغکاری و

خەزنکردنی سامان و گەندەڵی و ستەم و خۆبەپێش خستن... تاد.

بەمەش وایلێدێت تەنها سوننەتی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و ڕێبازی خەلیفە سەرڕاستەکان دەبێتە تەرازوو و سەرچاوەی ورد و ئەندێشەی دروست و بەهای خوازراو. بەویستی خوا بەسە بۆ بەرپابوونی ژیانێك کە خوا پێی ڕازییە و گەڕانەوە بۆ خەلافەتی ڕێنوێنی کراو سەرلەنوێ، دووبارە زیندوو کردنەوەی ئوممەت تا ببێتە باشترین ئوممەت، کە بۆ خەڵکی هێنرابنە کایە، بۆ ئەوەی نوور و ڕووناکیەکەی بەسەر گشت مرۆڤایەتی پەخش بکات وەك چۆن یەکەمجار پەخشی کرد.

پوختەی پەیڕەوی ئیسلامی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بە فەرموودەیەکی ورد و یەکلاکەرەوە دیاری کردووە:

* له عیربازی کوڕی ساریەوە هاتووە، وتویەتی: پێغەمبەری خوا (درود و سلاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: "ئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی لەخوابترسن، گوێڕایەڵ و فەرمانبەردار بن، ئەگەر بەندەیەکی حەبەشی بکرێتە حوکمڕانتان، ئەوەی لە ئێوە بژیەت لە دوای من، ئەوا ڕاجیاییەکی زۆر دەبینێ، دەستبگرن بە سوننەتی من و ڕێبازی جێنشینە سەرڕاستە ڕێنوێنیکراوەکان، دەستی پێوەبگرن، بە ددانەکانتان توونـد بیگرن، خۆتان دووربگرن لە شتە داهێنراوەکان، چونکە هەر داهێنراوێك بیدعەیە، گشت بیدعەیەکیش گومڕاییە" (أخرجه أحمد/ ١٦٨١٤).

* له ئیبن عەبباسەوە هاتووە (خوا لێیان ڕازی بێ)، پێغەمبەری خوا (درود و سلاوی خوای لێبێ) لە حەجی ماڵئاواییدا وتاری بۆ خەڵکدا و فەرمووی: "هۆ خەڵکینە، من دوو شتم لە نێو ئێوەدا بەجێهێشتووە، هەر کە دەستی پێوە

بگرن گومڕا نابن، ئەوانیش: کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەیەتی" (السنن الکبری للبیهقي/ ١٨٧١٣).

لە موعازی کوڕی جەبەلەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، پێغەمبەری خوا (درود و سلاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: "بێگومان دەستاڕی ئیسلام دەسوڕێتەوە، لەگەڵ کتێبی خوا بسوڕێوە، لە کوێوە سوڕایەوە" (المطالب العالیة لإبن حجر/ ٤٤٩١).

کەلەپوری مەزن لە دوای ئەوان، دەبێتە شوێنی تێڕوانین و بیرکردنەوە و شیکردنەوە و لێهەڵهێنجان، شوێنکەوتنی ئەوەی ڕاستە، فەرامۆشکردنی هەڵە یان ئەوەی خاوەن دیدێکی سنووردارە، یاخود ئەوەی دروست بووە وەك دەرەنجامی ململانێی مەزهەبی.

ئێمە ئەم ململانێیە مەزهەبییە ڕاست دەکەینەوە، کە گەیشتووە ئاستی شەڕ لەگەڵ یەك کردن بە بانگەشەی

نەفامێتی، هەروەك پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: "وازی لێبێنن، بۆگەنە" ئەمەش تەنها لەبەر هەر یەکێك بانگەشەی بۆ کۆمەڵەکەی کرد! ئای چی سەبارەت بەوەی گەیشتووەتە قۆناغی شەڕ کردنو جگە لەویش لە ڕەوشتە لادەرەکان!

ئێمە ئەم مەزهەبیەت و دەمارگیرییە نەفامییە ڕەت دەکەینەوە – لە کاتێکدا لە ڕێگەی دەرچوون و زیندووکردنەوەی ئوممەتداین –.

خوای پاك و بێگەرد ئەوە ڕوون دەکاتەوە، پەرتەوازەیی لە ئایندا، بەهۆی کتێبی خوا یان بێ ئاگایی لە بەشێکی ڕوونادات، بەڵکو بەهۆی دەستدرێژی و ستەمەوە ڕوودەدات: ﴿وَمَا تَفَرَّقُوا إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا﴾ الشوری: ١٤. واتە: (میللەتانی پێشوو، بەتایبەت گاور و جوو جیاوازی و کێشە و دووبەرەکی نەکەوتە نێوانیان، مەگەر لە دوای هاتنی زانستی و

زانیاری تەواو بۆیان، و لەبەر حەسادەت و ستەمکاری و لادانیان لە راستەرێگا بۆیان دروست بوو).

دەستدرێژی و ستەم چەندین شێوە و وێنەی زۆر هەیە:

- ستەم کردن لە خود، بەهۆی ئیرەیی و حەسوودی و زیادەڕەوی و کەمڕەویەکەیەوە.
- ستەمکردن لەوانی تر، بە پێشێلکردنی مافی برایەتی و ئیمانی و دونیاییەکانیان.
- ستەمکردن لە ئوممەتەکەی، بە کەمتەرخەم بوونی لە هەڵسان بە ڕۆڵی خۆی بەرامبەر ئوممەتەکەی.
- ستەمکردن لە ئاینەکەی، بە کەمتەرخەم بوونی لە بەرپاکردنی ئایین و شەرع.
- ستەمکردنی خود بە فەرامۆشکردنی دواڕۆژ و پاڵدانەوە بە دونیاوە.

چەندین شێوە و وێنەی ستەم و دەستدرێژی، کە ڕوویانداوە بەهۆی کەم زانستیەوە نییە، بەڵکو بەهۆی ستەمکردنی مرۆڤە لە خۆی و کۆمەڵگە و ئوممەت و ئایین و پەیام و مرۆڤایەتیەکەیەتی.

* * *

دەرئاسا و موعجیزەی ئەم سروش و نیگایە، (کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی)، ئەوەیە ڕووناکی و نوورێکی درەوشاوەیە بەدرێژایی کات، ئەو کەسە گومڕا نابێ کە دەستی پێوەگرتووە:

- لە جابرەوە هاتووە، پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: "شتێکم لە نێو ئێوەدا جێهێشتووە، ئەگەر دەستی پێوە بگرن، ئەوا گومڕا نابن، ئەویش: کتێبی خوایە" (مصنف ابن أبي شيبة/ ٢٩٤٨٨، مسلم/ ١٢١٨).

- له ئەبو هوڕەیڕەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، وتویەتی: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: "دوو شتم له نێو ئێوەدا جێهێشتووە، له دوای دەستگرتن پێیانەوە گومڕا نابن، ئەوانیش بریتین له: کتێبی خوا و سوننەتی من، له یەکتر جیا نابنەوە تا دێنە لام لەسەر حەوز" (المستدرك على الصحيحين/ ٢٩٠).

ماناکانی نوێ دەبنەوە، بەپێی جیاوازی و فرە جۆری شوێنەکان.... ئەمەش وایلێکردووە-وەك چۆن خوا ویستوویەتی - ببێتە بەرنامەی ژیان تا کاتی بەرپابوونی دواڕۆژ. ڕووناکی و نوورەکەی پەخش دەکات، بۆ ئەوەی ڕووی تێدەکات و دەیەوێ بەرنامە و ڕێبازی لێوەربگرێت، بێگومان ئەوەش بەسە بۆی وەك ڕێنوێنی و ڕێنیشاندان.

خوای مەزن کتێبەکەی خۆی - سروش و نیگاکەی - پاراستووە، ئەگەر تاقمگەرایی و پەرتەوازیەك هەبێ، ئەوا

بەهۆی دەستدرێژی و ستەمەوە ڕوودەدات. ئەم کتێبە نموونەیەکی مرۆیی هەیە، مێژووەکەی پارێزراوە، کە بریتییە لە "ژیاننامەی پێغەمبەر و جێنشینە ڕێنوێنی کراوەکان".

هەموو کەلەپوری دوای ئەوان شیاوی تێڕامان و کۆششە.

بیرکردنەوە و بەرنامەی ئیسلامی دروست بە زانستەکانی سروش و نیگا دەستپێدەکەن، بە زانستەکانی واقیع و یاساکانی خوا لە گەردووندا کۆتایی دێت. لەبەر ئەوەی سروش هاتووە تا چارەی ئەو ژیانە بکات، کە تیایدا دەژین، هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ بەرپاکردنی سروش و ئایین، بە دادوەردانانی بەرنامەی خوا و بەرز ڕاگرتنی وشەکەی و پاراستنی یەکێتی ئوممەت و پەیام هەڵگرتن، تەنها بە تێگەیشتن نەبێ لە واقیع و ژیان، چونکە واقیعی ژیان وایلێهاتووە زۆر ئاڵۆز بووە، پێویستی بە تێگەیشتنێکی ورد هەیە، چەندین زانست داهێنراون بۆ تێگەیشتن و درك کردن بە واقیع و بارودۆخ، چیتر ئەم وێنەیە

ئاسان و سادە بۆ کۆمەڵگەکان و ژیان نەماوە، بەڵکو ژیان ئاڵۆز بووە و شتی تازە پەیدابوونە، گەشەی وا ڕوویداوە، سەختە لەگەڵیدا مرۆڤ درك بکات بە واقیع تەنها بە سەیرکردنی... هیچ ڕێگەیەك بۆ هیچ تێگەیشتنێك نییە، بەبێ درك و پەیی بردن بە واقیع و ژیان، دواتر ئەم زانستانە خۆیان خزاندە ناو فیقهی ئیسلامی، چونکە هەر بەو ئامرازە دەمێننەوە کە شەریعەت پێی بەرپا دەبێ، کە مافی خوایە بەسەر بەندەکانەوە، بنچینەی هەموو بنەماکانی یەکخواناسییە.

لەو زانستانە لە دوای زانستەکانی سروش و نیگا و مەبەستەکانی شەریعەت:

(زانستی خەلافەتی ڕێنوێنیکراو، مەزهەبە فیقهییەکان، زانستەکانی داڕشتن، زانستەکانی سیاسەت و جەنگ، هێز، درك کردن بە واقیع، زانستەکانی کۆمەڵناسی، زانستی خۆسەپاندن و تاکڕەوی، یاسا خواییەکان، زانستەکانی

بەرپابوونی دەوڵەتان و کەوتنیان، زانستە بنچینەییەکان، زانستەکانی دەروونناسی، زانستە هزریەکان، زانستە ژیاریەکان، زانستەکانی خۆرئاواناسی، زانستەکانی خۆرهەڵاتناسی، زانستەکانی ڕاگەیاندن و هونەرەکانی کاریگەری، زانستەکانی ستراتیژی و تەکتیکی و کارگێڕی، زانستە ئایندەیەکان، زانستی مێژوو).

## قۆناغی وشیاری دەستپێدەکات بە :

١- "خولانەوە لەگەڵ کتێبی خوا، لە کوێوە خولایەوە".

٢- دەرچوون لە دەمارگیری نەفامی.

٣- لێکۆڵینەوە لە یاسا و ڕێسا گەردوونیەکان.

٤- بینینی زانستە شەرعییەکان، بە ڕوانینێکی فراوانتر لە کتێبەکانی پێشینان، دەرچوونی چەمکی "زانستە شەرعییەکان" لە تەنها لەبەرکردنی کتێب و زنجیرە (سەنەد)ەکان.

٥- بینینی پرسە چارەنووسسازەکانی ئوممەت، بە پەیڕەوێکی زانستی ورد.

٦- خۆ دارنین لە هزری لادەر، کە دروستبووە لە لاساییکردنەوە و چەقبەستوویی. گرتنبەری پەیڕەوی بیرکردنەوەی ئیسلامی.

تا ئوممەت یەکبگریٚ، بتوانین ئایین بەرپا بکەین، شەڕعی خوا جێبەجیٚ بکەین، وشەکەی بەرز بکەینەوە، پەیامەکەی هەڵبگرین، بەردەوام بین لە ڕۆیشتن لەسەر ڕێگەی ڕاستی خوا... دەبیٚ ژێرخانی ئوممەت یەك بخەین بۆ کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەر، بە تێگەیشتن لە تێڕوانینی ئیسلام بە تایبەتمەندییەکان: خوایی، جێگیری، گشتگیری، هاوسەنگی، واقیعی بوون، ئەرێنی بوون، نموونەگەرایی، یەکخواناسی.

**کۆڵەگەکانی:** ڕاستی و حەقیقەتی خوا،گەردوون، ژیان، مرۆڤ... پەیوەندی مرۆڤ بە گشت ئەمانەوە.

ئا ئەمەیە پەیڕەوی ئیسلامی پێشکەشی دەکات لە هزر و بەرنامە و ئامانج و ڕێگە.

* * *



کاروان KARWAN
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن